# دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان





## ئەنجامەکانی رووپێوی کار و بێکاری

## نیوەی دووەمی 2015





حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان



بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار

حوزەیران 2016

2016©

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە

وەزارەتی پلاندانان / دەستەی ئاماری هەرێم

لەکاتی بەکارهێنانی زانیاریەکانی ئەم ڕاپۆرتەتکایە ئاماژەی پێبکە بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە پێشنیار کراوە:

بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2016) *ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2015*، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:

ناونیشانی سایتی ئەلیکترۆنی www.krso.gov.krd

تەلەفون: +964(0) 662559170

ئیمەیل: contact@krso.gov.krd

زنجیرە 43

# ڕێز و سوپاس

دەستەی ئاماری هەرێم ڕێز و سوپاسی خۆی ئاراستەی گشت ئەو خێزانانە دەکات کە لە ڕووپێوی هێزی کاری نیوەی دووەمی ساڵی 2015 دا بەشداریان کردووە و بە پێدانی زانیاریی بەشدار بوونە لە سەرخستنی ڕووپێوەکە.

هەروەها سوپاسی ئەو کارمەندانەی دەستەی ئاماری هەرێم و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە دەستەی ئامار لە پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان و کەسانی دەرەوەی دەستەی ئاماری هەرێم دەکات کە لەم ڕووپێوەدا ئەرکێکیان و پشکێکیان هەبووە و بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوکار و هۆکار بوونە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ڕووپێوەکە و بەرهەمهاتنی ئەم ڕاپۆرتە. بە سوپاسەوە ڕۆڵی باڵا و کاریگەری سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) بەرز دەنرخێنین لە دابین کردنی بوودجەی پێویست بۆ ئەم ڕووپێوە. ئەمە بوو بە هۆکاری دوورکەوتنەوە لە درووست بوونی کەلێن لە داتاکانی تایبەت بە ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێم دا کە لە ساڵی 2012 ەوە بە شێوەیەکی ساڵانە جێ بەجێ کراوە. هەروەك چۆن نەبوونی داتای دوو گەڕی ڕووپێوی هێزی کار بۆ ساڵی 2015 بە کەم و کوڕی دادەنرێت، بە هەمان شێوەش هەبوونی داتای گەڕێك بە دەست کەوت دادەنرێت.

# تیمی کار

سوپاسێکی تایبەتی ئەو تیمانەش دەکرێت کە لە گشت قۆناغەکانی ئەم ڕووپێوەدا ئەرکێکی قورستر و زیاتریان لە ئەستۆ بووە و بریتین لە:

- سەرپەرشتی کردنی ڕووپێو لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار
  - بەڕێز سامان عزالدین ڕەشید/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر
  - بەڕێز مەحمود عوسمان مەعروف/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای سلێمانی
  - بەڕێز چیاڤان عبدالرزاق سلێمان/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای دهۆك
  - بەڕێز حەیدەر شمس الله جیهانگیر/ بەڕێوەبەری ئاماری ئیدارەی گەرمیان
  - بەڕێز حەیدەر محمود خدر/ بەڕێوەبەری ئاماری سۆران بە وەکالەت
  - بەڕێز ئاراز ابراهیم حەمەد/ بەڕێوەبەرا ئاماری ئیدارەی ڕاپەڕین بە وەکالەت
- لیژنەی تەکنیکی
  - گوهدار محمدعەلی سەعید/ سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە هەرێمی کوردستان- دەستەی ئاماری هەرێم
  - سابر یاسین سالح/ سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە پارێزگای دهۆك- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری پارێزگای دهۆك
  - سۆران غەفور سەلیم/ سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە پارێزگای سلێمانی- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری پارێزگای سلێمانی
  - دلزار عارف جەرجیس/ سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە پارێزگای هەولێر- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری پارێزگای هەولێر
- لیژنەی دانانی بەرنامەی داگرتنی داتا و خاوێن کردنەوەی داتاکان لە دەستەی ئاماری هەرێم
  - ڕەقیب بهاءالدین محمد
  - نیهایەت هاشم ئەحمەد

- شیکردنەوەی داتاکان و ئامادەکردن و داڕشتنی راپۆرت

  گوهدار محمدعەلی سەعید

  نعیمە اکرم جەبار

- ووردبینی کردنی پێوەرەکانی بڵاوکردنەوە

  سعاد بکر فقی

# پێشکەشکردن

چوارەمین راپۆرتی هێزی کار کە تایبەتە بە دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015 دا، دەخرێتە بەردەست ئێوەی بەڕێز. ئەم راپۆرتە بە جیاوازییەکی گرنگ لە گەڵ راپۆرتەکانی پێش خۆی بلاّو دەکرێتەوە. لە ساڵی 2015، جیاواز لەگەڵ ساڵانی پێشووتر، تەنها یەك گەڕی رووپێوی هێزی کار ئەنجام درا کە تاکە هۆکاری ئەمەش قەیرانی داراییە کە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە.

ژمارەکان و رێژەکان لەم راپۆرتەدا زۆر جیاوازتر و بەرزتر یان نزمتر لە راپۆرتەکانی پێشووتر دەردەکەون. لەم ساڵەدا رێژەی بێکاری، بە بەراورد لەگەڵ نیوەی دووەمی ساڵی پێشووتر، دوو ئەوندە زیادی کردووە. لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 رێژەی بێکاری 7.13% بوو، بەلاّم لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015 گەیشتە 13.53%.

هەرچەندە نەبوونی رێژەکانی نیوەی یەکەمی ساڵی 2015 و لە ئەنجامدا نەبوونی راپۆرتی ساڵانەی هێزی کار بۆ ساڵی 2015 کەلێنێکی بەجێهێشتووە، بەلاّم هەبوونی ئەم راپۆرتەش دەستکەوت و بەرهەمێکی گەورەیە و دەکرێ بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکان پشت بە زانیارییەکانی گەڕی دووەمی رووپێوی هێزی کار لە ساڵانی پێشووتر ببەسترێت و بەراوردیان پێ بکرێت بۆ چاودێری کردنی دۆخی هێزی کار لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو.

کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی هەرێم دەکرێت لەم راپۆرتەدا هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت و دەستنیشانی ئەو سێکتەر و بابەتانە بکرێت کە زۆرترین کاریگەریان بەرکەوتووە بۆ ئەوەی بتواندرێت رێکاری چارەسەرکردن بگیرێتە بەر و هەوڵی هەموار کردنی ئەم دۆخە نالەبارەی ئابووریی هەرێمی کوردستان بدرێت.

د. علی سندی

وەزیری پلاندانان

# پێرست


بابەت — لاپەڕە

**ڕێز و سوپاس** ........ i

**تیمی کار** ........ i

**پێشکەشکردن** ........ iii

**لیستی چارتەکان** ........ vi

**لیستی خشتەکان** ........ vii

**پوختە** ........ xi

**پێشەکی** ........ 1

**ئامانجەکانی ڕووپێو** ........ 3

**سوودەکانی ڕووپێو** ........ 4

**دەروازەی یەکەم (ئەنجامە سەرەکیەکان)**

1-1 هێزی کار ........ 6

2-1 دابەشبوونی هێزی کار ........ 8

3-1 هێزی کار بە پێی ئاستی خوێندن ........ 10

4-1 شێوەکانی کار ........ 11

5-1 کەرتی چالاکیی ئابووری ........ 11

6-1 کەرتی کار ........ 12

7-1 پیشەی سەرەکی ........ 14

8-1 جۆری گرێبەست: هەمیشەیی یان کاتی ........ 14

9-1 داهاتی مانگانە ........ 14

10-1 پەیوەندیی نێوان کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتە و داهات ........ 16

**دەروازەی دووەم (میتودۆلۆجی و کوالّیتی)**

1-2 پرسیارنامە ........ 18

1-1-2 زانیارییەکانی پێناسەکردن ........ 18

2-1-2 تۆماری خێزان ........ 18

3-1-2 دۆخی کار ........ 18

4-1-2 کۆنترۆڵی جۆری ........ 18

2–2 چوارچێوە و نموونە ........ 19
2-2-1 گشتگیربوون (کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە) ........ 19
2-2-2 چوارچێوەی نموونە ........ 19
2-2-3 قەبارەی نموونە ........ 19
2-2-4 دانانی نموونە ........ 19
2-2-5 سوڕانەوەکانی نموونەی رووپێو ........ 20
2–3 ئەژمارکردنی کێشەکان ........ 20
2–4 کاری مەیدانی ........ 20
2-4-1 راهێنان و دەست نیشانکردن ........ 20
2-4-2 هێماندن (تەرمیز) ........ 21
2–5 داگرتن و چارەکردنی داتاکان ........ 21
2-5-1 داگرتنی داتاکان ........ 21
2-5-2 چارەکردنی داتاکان ........ 21
2–6 کوالێتی داتاکان ........ 22
2–7 ووردبوونی داتاکان ........ 22
2-7-1 هەڵەی ئاماری ........ 22
2-7-2 هەڵەی نائاماری ........ 22
2-7-3 رێژەی وەڵامدانەوە ........ 23
2–8 توانای بەراوردکاری ........ 24
2–9 کۆنترۆڵی جۆری ........ 24

**دەروازەی سێیەم (چەمك و پێناسە گرنگەکان)** ........ 25

**هاوپێچی یەکەم: خشتەکان** ........ 30

**هاوپێچی دووەم: پرسیارنامە** ........ 105

# لیستی چارته‌كان


- چارتی 1- رێژەی سەدیی هێزی کار بە پێی رەگەز – نیوەی دووەمی 2015.......................................... 6
- چارتی 2- رێژەی سەدیی هێزی کار بە پێی رەگەز و گروپی تەمەنی دیاریکراو - نیوەی دووەمی 2015......... 7
- چارتی 3- رێژەی سەدیی هێزی کار بە پێی رەگەز و پارێزگا- نیوەی دووەمی 2015 ................................ 8
- چارتی 4- دابەشبوونی بەشداربووان لە هێزی کار بە پێی دۆخی هێزی کار و پارێزگا- نیوەی دووەمی 2015... 10
- چارتی 5- دابەشبوونی کەسانی بێکار لە هەرێمی کوردستان بە پێی ئاستی خوێندن - نیوەی دووەمی 2015 .. 11
- چارتی 6- رێژەی کارمەندان لە کەرتی حکومی بە پێی رەگەز – نیوەی دووەمی 2015 ........................... 13
- چارتی 7- رێژەی کەسانی کارکەر بە پێی ڕەگەز و کەرتەکانی کار- نیوەی دووەمی 2015 ........................ 13
- چارتی 8- دابەشبوونی کەسانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر بە پێی کەرتی کار- نیوەی دووەمی 2015 ........................................................................................................................ 13
- چارتی 9- دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی گروپەکانی داهاتی مانگانە - نیوەی دووەمی 2015 ............ 15
- چارتی 10- دابەشبوونی کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومی بەپێی گروپەکانی داهاتی مانگانە - نیوەی دووەمی 2015 ........................................................................................................................ 16
- چارتی 11- دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی کاتژمێرەکانی کارکردن لە یەك هەفتەدا - نیوەی دووەمی 2015 ........................................................................................................................ 17

# لیستی خشتەکان


- خشتەی 1- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 31
- خشتەی 2- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 32
- خشتەی 3- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 33
- خشتەی 4- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 34
- خشتەی 5- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 35
- خشتەی 6- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 36
- خشتەی 7- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 37
- خشتەی 8- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 38
- خشتەی 9- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، دۆخی چالاکبوون و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 39
- خشتەی 10- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی قەزا، دۆخی چالاکبوون و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 40

- خشتەی 11- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی قەزا، دۆخی چاڵاکبوون و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................... 41
- خشتەی 12- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی قەزا، دۆخی چاڵاکبوون و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................... 42
- خشتەی 13- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، دۆخی هێزی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................... 43
- خشتەی 14- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی قەزا، دۆخی هێزی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ....................................................... 44
- خشتەی 15- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی قەزا، دۆخی هێزی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................... 45
- خشتەی 16- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی قەزا، دۆخی هێزی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ....................................................... 47
- خشتەی 17- دابەشبوونی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، باری هاوسەرگیری و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015.................................................................... 48
- خشتەی 18- دابەشبوونی هێزی کار لە پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، باری هاوسەرگیری و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 .................................................................... 49
- خشتەی 19- دابەشبوونی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی بە پێی ڕەگەز، باری هاوسەرگیری و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 .................................................................... 50
- خشتەی 20- دابەشبوونی هێزی کار لە پارێزگای دهۆك بە پێی ڕەگەز، باری هاوسەرگیری و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........................................................................... 51
- خشتەی 21- دابەشبوونی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........................................................................... 52
- خشتەی 22- دابەشبوونی هێزی کار لە پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی - نیوەی دووەمی 2015 ........................................................................... 53

- خشتەی 23- دابەشبوونی هێزی کار لە پارێزگای سلێمانی بە پێی رەگەز، ئاستی خوێندن و گروپی تەمەن؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ...................................................................................... 54

- خشتەی 24- دابەشبوونی هێزی کار لە پارێزگای دهۆك بە پێی رەگەز، ئاستی خوێندن و گروپی تەمەن؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........................................................................................ 55

- خشتەی 25- دابەشبوونی هێزی کاری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە پێی رەگەز و جۆری کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 .................................................... 56

- خشتەی 26- دابەشبوونی کەسانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی رەگەز، قەزا و جۆری کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........................................................... 57

- خشتەی 27- دابەشبوونی کەسانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی رەگەز، قەزا و جۆری کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........................................................... 60

- خشتەی 28- دابەشبوونی کەسانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی رەگەز، قەزا و جۆری کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................................ 66

- خشتەی 29- دابەشبوونی کەسانی نائامادەبوو لە کاری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی رەگەز، هۆکاری ئامادەنەبوون لە کار لە ماوەی هەفتەی بەر لە چاوپێکەوتن و پارێزگا؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................................................................... 69

- خشتەی 30- دابەشبوونی دانیشتوانی بێکاری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، ئاستی خوێندن و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........................................... 71

- خشتەی 31- دابەشبوونی دانیشتوانی بێکاری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، گروپی تەمەن و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................ 72

- خشتەی 32- دابەشبوونی دانیشتوانی بێکاری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، شێوازی گەڕان بە دوای کار و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 .............................. 75

- خشتەی 33- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، شوێنی کارکردن و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ......................................... 78

- خشتەی 34- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، چالاکیی سەرەکیی شوێنی کارکردن و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 .................... 80

- خشتەی 35- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، کەرتی کار و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................... 84

- خشتەی 36- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، کاری سەرەکی و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ............................................. 86
- خشتەی 37- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، جۆری ماوەی کار و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 .......................................... 88
- خشتەی 38- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، گرووپی داهاتی مانگانە و کەرتی کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 .............................. 90
- خشتەی 39- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، گرووپی داهات و ئاستی خوێندن؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 .................................. 94
- خشتەی 40- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، کاتژمێرەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا و ئاستی خوێندن؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ..... 98
- خشتەی 41- دابەشبوونی داهاتی مانگانەی کەسانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، گرووپی داهاتی و کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانە؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........................................................................................................................ 100
- خشتەی 42- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی رەگەز، هۆکاری سەرەکی داواکردنی کاری زێدەکی و پارێزگا؛ ژمارە و رێژەی سەدی- نیوەی دووەمی 2015 ........ 104

# پوختە

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015 دا، کۆی ڕێژەی بەشداربووان لە هێزی کار 38.98% بوو، هەر ئەم ڕێژە لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 بریتی بووە لە 39.18%. هەروەك دیارە دابەزینی بەخۆیەوە دیوە بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەم. بە سەرنجدان بە گروپەکانی تەمەن، جیاوازی و کاریگەرییەکان باشتر دەردەکەون. دابەزین تەنها لە گروپی تەمەنی 24-15 ساڵ ڕوویداوە کە دەکاتە نزیکەی 1.6%. بەڵام لە گشت گروپەکانی تری تەمەن بەرزبوونەوە ڕوویداوە بەڕێژەی جیاواز و گەورەترین ئاستی بەرزبوونەوە تەنها نزیکەی 2% ی تۆمار کردووە و لە گروپی تەمەنی 64-55 ساڵ بووە.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان 13.53% بووە و بە بەراورد لەگەڵ نیوەی دووەمی ساڵی 2014 کە 7.13% بووە، دەکرێت بگوترێت ڕێژەکە نزیکەی 90% بەرز بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

بە پێی ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە، ئەگەر لە ڕووی دابەشبوونی بەشداربووان لە هێزی کار کە بەپێی بڕوانامەی خوێندن دیاریکراوە سەیر بکرێت دەردەکەوێت کە ئەوانەی بڕوانامەی ئامادەیی-یان هەیە و بێکارن ڕێژەکەیان زیاترە لە 24%. لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 نزیك بووە لە 14%، واتە بە ڕێژەی زیاتر لە 70% بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. ئەگەر سەرنج بدرێتە ڕێژەی کەسانی کارکەر بەپێی جۆری کارکردن دەبینین دەبیندرێت کە زیاتر لە 5.7% خاوەن کاری خۆیانن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم نیشاندەرە لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 کەمتر بووە لە 5.5%. ئەمەش وا دەردەخات کە، هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەم، بەڵام هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی کارێك کە کەسەکە خۆی خاوەنی بێت بەرزبوونەوەی تۆمار کردووە.

جێگەی سەرنج پێدانە بە بەراورد لەگەڵ نیوەی دووەمی 2014، لە نیوەی دووەمی 2015 ڕێژەی کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومیدا بە ڕێژەیەکی کەم زیادی کردووە، ئەمەش یەکێکی ترە لە نیشانەکانی کەم بوونی کار لە کەرتی تایبەت و گەڕانەوەی ئەو کەسانەیە بۆ نێو کەرتی حکومی، کە لە کار دەرکراون و نەیانتوانیوە کارێکی تر بدۆزنەوە.

لە دابەش کردنی کەسانی کارکەر بە پێی گروپی داهاتدا، هەروەك لە خشتەی 38 دا دەردەکەوێت، بەرزترین ڕێژە دەگەڕێتەوە بۆ گروپی داهاتی 500,000 - کەمتر لە 750,000 دیناری عێراقی و ڕێژەکەش دەگاتە 32.3%. بە هەمان شێوە، لە کەرتی حکومیشدا، بەرزترین ڕێژەی کە دەکاتە 34.3% پشکی هەمان گروپی داهات بووە. بە پێی زانیارییەکانی خشتەی 41، ڕێژەی ئەو کەسانەی لە نێوان 35 - کەمتر لە 45 کاتژمێر لە یەك هەفتەدا کاریان کردووە بەرزترین ئاستی تۆمار کردووە و 29.4% ی کەسانی کارکەر پێکدەهێنن.

# پێشەکی

جگە لە گەڕی یەکەمی ڕووپێوی هێزی کار لە ساڵی 2012، ئەم ڕووپێوە یەکەمین ڕووپێوە لە جۆری خۆی کە دەستەی ئاماری هەرێم لە خاڵی سەرەتاوە تا کۆتایی و دەرچوونی ڕاپۆرتی تایبەت بە پشت بەستن بە توانا مرۆڤی و زانستییەکانی کارمەندەکانی دیوانی دەستە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار لە پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستاندا جێ بە جێی دەکات. لە یەکەمین گەڕی ئەم ڕووپێوە تیمی پەیمانگەی (RAND) یارمەتی و پشتیوانی ستافی ڕووپێوەکەیان کرد بۆ فێر کردن و ڕاهێنانیان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە کارە ئامارییانە و دوای ئەو، ئەرکەکە بە تەواوی کەوتە سەرشانی کارمەندەکانی دەستەی ئاماری هەرێم.

ئەم ڕاپۆرتەی هێزی کار چوارەمین ڕاپۆرتی لەدوای یەکی تایبەت بە دۆخی هێزی کار و دۆخی کار و بێکارییە لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2012 وە بەردەوام جێ بەجێ کراوە. ئەو خاڵەی کە ئەم ڕاپۆرتە لە گەڵ ئەوانی تر جیا دەکاتەوە، ژمارەی گەڕەکانی ڕووپێوەکەیە. لە ساڵانی 2012 تاکو 2014 ساڵی 2 جار ئەم ڕووپێوە ئەنجام دراوە، گەڕی یەکەم لە مانگەکانی ئایار یان حوزەیران و گەڕی دووەم لە مانگەکانی تشرینی دووەم یان کانوونی یەکەم. بەڵام لە ساڵی 2015دا بەهۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان و کەمبوون و وشك بوونی سەرچاوە داراییەکان، تەنها توانرا یەك گەڕی ئەم ڕووپێوە ئەنجام بدرێت لە مانگی کانوونی یەکەمدا. بێگومان ئەمە کاری بەراورد کردن و وەرگرتنی بڕیاری وورد لەبارەی گۆڕانکارییەکانی بازاڕی کار و دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان زۆر زەحمەت دەکات بە تایبەت کە کاتی جێ بە جێ کردنی ڕووپێوەکە، کاتی کەمبوونەوەی کار و نەمانی کارە وەرزییەکانە.

لەبەر ئەو هۆکارەی کە لە سەرەوە باس کرا، بەراورد کردنی ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە لە گەڵ ڕووپێوەکانی ساڵانی پێشووتری خۆی پێویستی بە هەڵوەستە کردن و ووردبوونەوەیەکی زۆر هەیە. ژمارەکانی نیشاندەرەکان لەم ڕاپۆرتەدا بەراورد بە ڕاپۆرتەکانی پێشووتر بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوەیان بەخۆیانەوە دیوە. هەوڵ دراوە لە بەشی ئەنجامە سەرەکییەکان، هەندێ لەو نیشاندەرانەی لەوێ باس کراون بەراورد بکرێن لە گەڵ هەمان نیشاندەر لە هەمان ماوەی کاتیی ساڵی پێشووتر، واتە 2014. ئەکرێت ئەم بەراورد کردنە و ئاستی جیاوازیی ڕێژەکانی ئەو نیشاندەرانەی لەو بەشەدا باس کراون لە بەرچاو بگیرێن بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی هەبێت بۆ نیشاندەرەکانی تریش کە لە خشتەکاندا هاتوون.

دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوورییەوە، بێکاری، کارکردن؛ دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی داهات، بە پێی ئاستی خوێندن، بە پێی کاتژمێرەکانی کارکردن، بە پێی کەرتی کار، بە پێی جۆری چالاکیی ئابووری؛ هەروەها دابەشبوونی کەسانی بێکار بە پێی ئاستی خوێندن، بە پێی تەمەن، بە پێی ڕەگەز، هتد، ئەو نیشاندەرانەن کە هەوڵ دراوە لەم ڕاپۆرتەدا بە شێوەیەکی گونجاو و سوودبەخش بخرێنە ڕوو. هەرچەندە تەنها یەك گەڕی ئەم ڕووپێوە لە ساڵی 2015 ئەنجام درا بەڵام بۆ ئاسانتر کردنی بەراوردکاری لە نێوان نیشاندەرەکان، گشت خشتەکان لەسەر شێوازی خشتەکانی ڕاپۆرتی ساڵی 2014 ئامادە کراون.

دەستەی ئاماری هەرێم هیواخوازە بتوانێت لە ساڵی 2016 و ساڵانی دواتریش بەردەوامی بدات بەم ڕێچکەیە و بە شێوەی زنجیرە و بەردەوام ڕووپێوی کاروبێکاری ئەنجام بدات و ببێتە بناغەیەکی باش بۆ پلانە ستراتیژی و گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەك بانکی دەولی لە هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داڕشتنی پلانی

ستراتیژیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بە پلەی یەکەم پشتی بە داتا و زانیاری و نیشاندەرەکانی رووپێوەکانی هێزی کار بەستووە و وەکو بناغە و بنچینەی سەرەکی سوودیان لێوەرگرتووە.

**سیروان محمد محی الدین**

**سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**

# ئامانجەکانی رووپێوی هێزی کار

رووپێوی هێزی کار رووپێوێکی بەردەوامە کە ساڵانە و لە هەر ساڵێکیشدا بە دوو قۆناغی جیاواز ئەنجام دەدرێت.

لەم رووپێوەدا هەوڵەکان ئاراستە دەکرێن بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە:

- ✓ زانینی چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی چالاك بوونیان لە رووی ئابوورییەوە
- ✓ زانینی قەبارەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی دابەش بوونی بەسەر پارێزگاکاندا
- ✓ هەژمارکردنی تێکڕای بەشداریکردن لە چالاکیی ئابووری بە رەچاو کردنی تایبەتمەندییە جیاوازەکان
- ✓ هەژمارکردنی تێکڕای بێکاری بە پێی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کەسانی بێکار لە رووی شوێنی جوگرافی، بڕوانامە، تەمەن، رەگەز، هتد.
- ✓ هەژمارکردنی تێکڕای کەسانی کارکەر و پۆلین کردنیان بە پێی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان لە رووی شوێنی جوگرافی، بڕوانامە، رەگەز، کەرتی کار، هتد.
- ✓ هەژمارکردنی تێکڕای کەسانی کارکەر بە پێی کاتژمێرەکانی کارکردن لە یەك هەفتەدا و تایبەتمەندییەکانی وەك شوێنی جوگرافی، ئاستی خوێندن، رەگەز، هتد.
- ✓ هەژمارکردنی تێکڕای کەسانی کارکەر بە پێی داهات و تایبەتمەندییەکانی تری وەکو شوێنی جوگرافی، بڕوانامەی خوێندن، رەگەز، هتد.

# سوودەكانی رووپێو

دەكرێت گرنگترین سوودەكانی رووپێوی هێزی كار و سەرخستنی رووپێوەكە بە پێی پلانی بۆ دارێژراو و پەیڕەو كردنی رێساكانی تایبەت بە رووپێوەكان بە گشتی و رووپێوی هێزی كار بە تایبەتی و لە ئەنجامیشدا بەدەست خستنی ئەو ئەنجامانەی بۆ رووپێوەكە دیاریكراون، لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕ بكرێنەوە:

- دەستەبەر كردنی بناغەیەكی بە هێز بۆ دەست نیشان كردنی ئەو هۆكارانەی رێخۆشكەری دروست بوون یان بەرز بوونی ئاستی بێكارین لە هەرێمی كوردستان، بۆ سوود وەرگرتنی لایەنە حكومی و ناحكومییە پەیوەندیدارەكان.
- چاودێری كردنی ساڵانەی گۆڕانكارییەكانی دۆخی هێزی كار.
- یارمەتیدانی كەسانی بڕیار بەدەست بۆ دانانی پلانی گونجاوی رەخساندنی هەلی كار، پلانی كورت خایەن یان درێژ خایەن، بە پێی تایبەتمەندییەكانی كەسانی بێكار وەك بڕوانامە، رەگەز، شوێنی جوگرافی، لێهاتوویی و شارەزایی، هتد.
- دەستەبەر كردنی پاڵپشتیی زانستی بۆ درووست كردنی هاوسەنگی لە نێوان بازاری كار و بڕوانامەی زانستی دەرچووانی ناوەندە زانستییەكان.
- دەست نیشان كردنی حالەتەكانی كاركردنی نیوەچلی و یارمەتیدانی بڕیار بەدەستەكان بۆ چارەسەر كردنیان.
- دەست نیشان كردنی جیاوازییەكانی داهات لە نێوان چین و توێژە جیاجیاكانی كۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ كەم كردنەوەی ئەو جیاوازییانە بۆ ئاستێكی شیاو و گونجاو بۆ گشت لایەنەكان.
- دەست نیشانكردنی حاڵەتەكانی هەبوونی كاری دووەم یان سێیەم و بەراورد كردنی كاتژمێرەكانی كار كردن لە گەڵ ستاندەری جیهانی و دۆزینەوەی هۆكارەكانی بوونی جیاوازی لە نێوانیان و چارەسەر كردنیان بۆ ئەوەی یارمەتیدەری كەسانی بڕیار بەدەست بێت بۆ دارشتنی پلانی شیاو بۆ باشتر كردنی باری ژیانی خەڵك.

## دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سالّی 2015




سەرچاوە: رووپێوی هێزی کار- 2015

# دەروازەی یەکەم

## ئه نجامه سەرەکیەکان

### 1-1 هێزی کار

به گشتی هێزی کار بەو کەسانه دەگۆترێت که کار دەکەن یاخود بێکارن بەلاّم به پێی پێناسەی بێکاری. هەروەها ئەم کەسانه، به کەسانی چالاك له رووی ئابووریشەوە دەناسرێن. به پێی ئەو ئەنجامانەی که له خشتەی 1 ی ئەنجامەکانی رووپێوی هێزی کار له نیوەی دووەمی ساڵی 2015دا هاتوون، ئەوە دەردەکەوێت که بەشداری کردن له هێزی کار نزیك بۆتەوە له تۆمارکردنی رێژەی 39%، واتە 1,382,285 کەس. له کاتێکدا، به پێی ئەنجامەکانی رووپێوی هێزی کار له نیوەی دووەمی 2014 ئەم رێژەیە بریتی بووە له 39.25%. رێژەی بەشداری کردن له هێزی کار به پێی رەگەز له نیوەی دووەمی 2015 بریتی بووە له 64.21% له نێو رەگەزی نێر و 14.78% له نێو رەگەزی مێ. به واتایەکی تر، 1,114,854 کەس له رەگەزی نێر و267,431 کەس له رەگەزی مێ له رووی ئابوورییەوە چالاك بوونە. له نیوەی دووەمی ساڵی 2014، ئەم نیشاندەرە له نێو رەگەزی نێر نزیکەی 66% و له نێو رەگەزی مێ 13.13% بووە.




له لایەکی ترەوە، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەرزترین رێژەی بەشداری کردن له هێزی کار که له گرووپی تەمەنی 34-25 ساڵە، رێژەکەی 56.6% بووە و ژمارەیان 471,167 کەس بوونە. ئەگەر لەسەر ئاستی رەگەز بروانینە گرووپەکانی تەمەن، له رەگەزی نێر بەرزترین رێژە که دەکاتە 94.7%، واتە 293,824 کەس، دەگەڕێتەوە بۆ گرووپی تەمەنی 44–35 ساڵ. بەلاّم له رەگەزی مێ بەرزترین رێژە که دەکاتە 26.73% هەر له گرووپی تەمەنی 34–25 ساڵدایە و ژمارەیان بریتییە له 113,524 کەس. له

رەگەزی نێر گرووپی تەمەنی 34–25 ساڵ و لە رەگەزی مێ گرووپی تەمەنی 44–35 ساڵ، پلەی دووەمیان مسۆگەر کردووە. رەنگە گرنگ بێت کە ئاماژە بە رێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار لە گرووپی تەمەنی 15-24 ساڵ و هەروەها تەمەنی 65 ساڵ و سەرووتریش بکەین. لە گرووپی تەمەنی 15-24 ساڵ، رێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار بۆ هەر دوو رەگەز %20.3 بووە کە دەکاتە 228,345 کەس، و هەروەها رێژەکە بۆ رەگەزی نێر %32.36 بووە کە دەکاتە 186,752 کەس و بۆ رەگەزی مێ %7.59 بووە کە دەکاتە 41,593 کەس. لە دوایین گرووپی تەمەن کە بۆ کەسانی 65 ساڵ و سەرووترە، رێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار %8.49 بووە لەسەر ئاستی هەردوو رەگەز. واتە 18,899 کەس لە تەمەنی 65 ساڵ و بەرەو ژوور لە رووی ئابوورییەوە چاڵاکن. ئەم رێژەیە بۆ رەگەزی نێر %17.22 (17,767 کەس) و بۆ رەگەزی مێ %0.95 (1,132 کەس) بووە. بڕوانە خشتەی 1.

چارتی 2: رێژەی سەدیی هێزی کار بە پێی رەگەز و گرووپی تەمەنی دیاریکراو - نیوەی دووەمی 2015




لە ئەنجامەکان ئەوە دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی گشتی لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015 رێژەی بەشداری کردنی کەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر لە هێزی کار لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک بریتی بووە لە %40.0 (518,810 کەس)، %41.24 (561,945 کەس) و %34.04 (301,530 کەس)، بە پێی ریزبەند (بڕوانە خشتەکانی ژمارە 2، 3 و 4). ئەگەر لەسەر ئاستی رەگەز سەیری ئەم نیشاندەرە بکرێت، دەردەکەوێت کە بەشداریکردن لە هێزی کار بۆ رەگەزی نێر لە هەولێر %67.7 (420,669 کەس)، سلێمانی %63.96 (434,882 کەس) و دهۆک %59.87 (259,303 کەس) تۆمار کراوە. هەروەها بۆ رەگەزی مێ، لە هەولێر %14.56 (98,141 کەس)، سلێمانی %18.61 (127,063 کەس) و دهۆک %9.33 (42,227 کەس) تۆمار کراوە. بۆ بینینی ئەنجامی ووردتر بڕوانە خشتەکانی 2، 3 و 4.




## 2-1 دابەشبوونی هێزی کار

بە گوێرەی پێناسەی هێزی کار، کەسانی کارکەر و ئەو کەسانەش کە کار ناکەن بەڵام پێناسەی بێکاری دەیانگرێتەوە لە چوارچێوەی هێزی کاردا ئەژمار دەکرێن. بۆ باسکردنی هێزی کار، ئاماژە بە کەسانی کارکەر و کەسانی بێکار دەدەین. کەسانی کارکەریش بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەبن کە بریتین لە کارکەری تەواو و کارکەری نیوەچڵ. لە نیوەی دووەمی 2015 دا، هێزی کاری هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە (1,382,285) کەس، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە. لەم ژمارەیە (1,195,263) کەس کارکەر و (187,022) کەسیش بێکارن. لە نێو کەسانی کارکەریشدا (1,114,758) کەس کارکەری تەواو و (80,505) کەسیش کارکەری نیوەچڵن. لەبەر گرنگ بوونیان، هەردوو بابەتی بێکاری و کارکەری نیوەچڵی لە خوارەوە بەرجەستە دەکەین و بە شێوەیەکی وردتر دەخەینە ڕوو و زانیاریی زیاتر لە خشتەی ژمارە (1) دا ڕوون کراوەتەوە. ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015، بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی کار و بێکاری، 13.53% تۆمار کراوە، کە بە ژمارە دەکاتە 187,022 کەس. هەر ئەم نیشاندەرە لە هەمان ماوە لە ساڵی پێشووتر، واتە لە نیوەی دووەمی 2014، ڕێژەی 7.13% ی تۆمار کردووە، واتە بە نزیکەی دووبەرامبەر زیادی کردووە. بێکاری لە نیوەی دووەمی 2015 لە نێو ڕەگەزی نێر 9.71% (108,284 کەس) و لە نێو ڕەگەزی مێ 29.44% (78,738 کەس) تۆمار کراوە. لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 ڕێژەی بێکاری لە نێو ڕەگەزی نێر 3.87% و لە نێو ڕەگەزی مێ 19.63% بووە. ئەم بەراوردە وێنەی گۆڕانکارییەکان باشتر پیشان دەدات.

لە سەر ئاستی هەردوو ڕەگەز، کارکردنی نیوەچڵی لە نیوەی دووەمی 2015 ڕێژەی 5.82% بووە. بە واتایەکی تر، 80,505 کەس کارکەری نیوەچڵ لە نیوەی دووەمی 2015 لە هەرێمی کوردستان هەبووە. ئەم نیشاندەرە بۆ ڕەگەزی نێر 6.51% (72,631 کەس) و بۆ ڕەگەزی مێ 2.94% (7,875 کەس) تۆمار کراوە. لە نیوەی دووەمی 2014، تێکڕای ڕێژەی کارکردنی نیوەچڵی 1.21% بووە و هەروەها بۆ ڕەگەزی نێر 1.28% و بۆ

ڕەگەزی مێ 0.54% بووە. ئەم نیشاندەرە گەشەی خێرا و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و بەراورد بە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 نزیکەی 4.8 بەرامبەر زیادی کردووە. ئەمەش یەکێکە لە دەرەنجامەکانی تری قەیرانی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2014 ەوە دەستی پێکردووە.

لێرەدا بە پێویست دەزانرێت گۆڕانکارییەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش پیشان بدرێن. لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015، هەردوو نیشاندەری بێکاری و کارکردنی نیوەچڵی لە پارێزگای هەولێر، بە پێی ڕیزبەند، 13.45% (69,780 کەس) و 9.43% (48,916 کەس) یان تۆمار کردووە. هەر بە پێی هەمان ڕیزبەند، ئەم نیشاندەرانە لە پارێزگای سلێمانی 13.14% (73,822 کەس) و 3.72% (20,878 کەس) و لە پارێزگای دهۆکیش 14.4% (43,420 کەس) و 3.55% (10,711 کەس) یان تۆمار کردووە. ئەگەر ئەم نیشاندەرانە لەگەڵ ماوەی هاوشێوە لە ساڵی 2014، واتە نیوەی دووەمی ساڵەکە، بەراورد بکرێن دەبینرێت کە لەو ماوەیەدا لە پارێزگای هەولێر بێکاری 5.04% و کارکردنی نیوەچڵی 1.02٪ بووە. لە پارێزگای سلێمانی بێکاری 7.83% و کارکردنی نیوەچڵی 0.83% بووە. لە کۆتاییدا، لە پارێزگای دهۆك بێکاری ڕێژەی 9.41% و کارکردنی نیوەچڵی ڕێژەی 2.08% ی تۆمار کراوە کردووە.

ئەگەر بە شێوەیەکی وردتر و بە پێی ڕەگەز، لەسەر ئاستی پارێزگاکان سەیری ئەم نیشاندەرانە بکرێت دەردەکەوێت کە لە نیوەی دووەمی 2015 و لە پارێزگای هەولێر ، بێکاری لە نێو ڕەگەزی نێر 9.91% (41,672 کەس) و لە نێو ڕەگەزی مێ 28.64% (28,107 کەس) بووە. لە پارێزگای سلێمانی بێکاری بۆ ڕەگەزی نێر 8.77% (38,133 کەس) و بۆ ڕەگەزی مێ 28.09% (35,689 کەس) تۆمار کراوە و لە پارێزگای دهۆکیش بێکاری 10.98% (28,479 کەس) بووە لە نێو ڕەگەزی نێر و 35.38% (14,941 کەس) بووە لە نێو ڕەگەزی مێ. ئەم نیشاندەرانە لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 بە شێوازێکی جیاواز و لە ئاستێکی زۆر نزمتر دەرکەوتوون. ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر 3.25% بووە بۆ ڕەگەزی نێر و 15.29% بووە بۆ ڕەگەزی مێ. لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی بێکاری بۆ ڕەگەزی نێر 3.91% بووە و بۆ ڕەگەزی مێ 22.62% بووە. هەروەها لە پارێزگای دهۆکیش، بێکاری لە نێو ڕەگەزی نێر ڕێژەی 6.81% و لە نێو ڕەگەزی مێ ڕێژەی 26.62% ی تۆمار کردووە.

نیشاندەری کارکردنی نیوەچڵیش بە هەمان شێوەی بێکاری، گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە. لە نیوەی دووەمی 2015، کارکردنی نیوەچڵی لە پارێزگای هەولێر 10.3% (43,338 کەس) لە نێو ڕەگەزی نێر و 5.68% (5,579 کەس) لە نێو ڕەگەزی مێ بووە. لە پارێزگای سلێمانی، ئەم نیشاندەرە بۆ ڕەگەزی نێر 4.54% (19,746 کەس) و بۆ ڕەگەزی مێ 0.89% (1,131 کەس) تۆمار کراوە. هەروەها لە پارێزگای دهۆك ڕێژەی 3.68% (9,547 کەس) بۆ کارکردنی نیوەچڵی لە ڕەگەزی نێر تۆمار کراوە لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ ڕەگەزی مێ 2.78% (1,165 کەس) بووە. بە هەمان شێوەی بێکاری، پێویستە بەراوردێك لە نێوان ئەم نیشاندەرانە لە گەڵ هاوشێوەکانیان لە نیوەی دووەمی 2014 دا بکرێت. لە شەش مانگی دووەمی 2014، نیشاندەری کارکردنی

نیوەچڵی لە پارێزگای هەولێر بۆ رەگەزی نێر 1.19% بووە لە کاتێکدا کە هیچ حاڵەتێکی کارکردنی نیوەچڵی لە نێو رەگەزی مێ لەو ماوەیەدا تۆمار نەکراوە. لە پارێزگای سلێمانی کارکردنی نیوەچڵی، لەسەر ئاستی رەگەزی نێر رێژەی 1.04% و لەسەر ئاستی رەگەزی مێ 0.55% ی تۆمار کردووە. لە پارێزگای دهۆك ئەم رێژەیە لە رەگەزی نێر 2.34% و لە رەگەزی مێ 0.37% بووە.




**3-1 هێزی کار بە پێی ئاستی خوێندن**

دابەش بوونی کەسانی چالاك لە رووی ئابوورییەوە، واتە هێزی کار، لە رووی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە. هەڵوەستەکردن لەسەر خشتەی ژمارە 5 کە تایبەتە بە دابەشبوونی هێزی کار لە نیوەی دووەمی 2015 بە پێی ئاستی خوێندن، ئەوە دەردەخات کە کەسانی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی بەرزترین رێژەی بێکارییان لە خۆ گرتووە کە بریتییە لە 24.2% و ژمارەیان 27,223 کەسە. لە گرووپی خاوەن بڕوانامەی سەرەتایشدا، بەرزترین ئاستی رێژەی کارکردنی نیوەچڵی دەردەکەوێت کە 6.97% ە، بەو واتایەی 19,993 کەس کارکەری نیوەچڵ لەم گرووپەدا هەیە. هەروەها لە نێو کەسانی خاوەن بڕوانامەی پەیمانگە و سەرووتر رێژەی بێکاری 20.55% ە (68,127 کەس) و رێژەی کارکردنی نیوەچڵ 5.62% ە (18,615 کەس). ئەوەی جێگای سەرنجە، کەمترین رێژەی بێکاری لە نێو کەسانی نەخوێندەوار یان بێ بڕوانامە دەبیندرێت کە 6.88% ە (31,401 کەس).

چارتی ژمارە 5 کە لە خوارەوە هاتووە، دابەش بوونی کەسانی بێکار بە پێی ئاستی خوێندن دەردەخات و هەروەها بەراوردی نێوان ئەنجامەکان لە نیوەی دووەمی 2014 و 2015 پیشان دەدات بۆ ئەوەی بەرچاورۆونی زیاتر هەبێت لە بینینی رووداوی گۆڕانکاری لەو نیشاندەرە.




### 4-1 شێوەکانی کار

بنەمای کارکردنی کەسی کارکەر و پەیوەندیی کەسەکە بە کارەکەیەوە لە ڕێگەی نیشاندەری شێوەی کار دەست نیشان دەکرێت. بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کار، لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015، ڕێژەی ئەو کەسانەی بە کرێ کار دەکەن 70.96% بووە و ژمارەیان 848,071 کەس دەبێت. لە کاتێکدا ئەو کەسانەی بۆ خۆیان کاریان کردووە ڕێژەکەیان 20.97% بووە و ژمارەیان 250,643 کەس دەبێت.  هەروەها کەسانی خاوەن کار ژمارەیان 68,576 کەسە و ڕێژەیەکی کەم پێکدەهێنن کە دەکاتە 5.74% ی کۆی کەسانی کارکەر لە هەرێمی کوردستان. 2.29% (27,371 کەس) ئەو کەسانەن کە بێ کرێ لە کار یان کێڵگەی خێزان کار دەکەن و 0.04% (504 کەس) بێ کرێ لە کارێکی خۆبەخشانە کار دەکەن. زانیاریی ووردتر لە خشتەکانی ژمارە 25 تاکو 28 هاتووە.

ئەم ژمارانە لە نیوەی دووەمی 2014 بەم شێوەیە تۆمار کراون: 75.61% کارکەری بە کرێ، 17.24% بۆ خۆی کار دەکات، 5.94% خاوەن کار، 1.16% بێ کرێ لە کار یان کێڵگەی خێزان کار دەکات، 0.04٪ بێ کرێ لە کارێکی تر یان بە شێوەی خۆبەخش کار دەکات.

### 5-1 کەرتی چالاکیی ئابووری

کەرتی چالاکیی ئابووری یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان لە بابەتی هێزی کار دا. لەم نیشاندەرە دەردەکەوێت کە کەسانی کارکەر چۆن بەسەر چالاکییە ئابوورییە جۆراوجۆرەکاندا دابەش بوونە و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ بوونی هاوسەنگی لە نێوان دابەش بوون و دۆخی ڕاستەقینەی چالاکییە ئابوورییەکاندا. لە نیوەی دووەمی 2015، بەرزترین ڕێژەی کەسانی کارکەر لە چالاکیی کارگێڕیی گشتی و بەرگری کردن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی تۆمار کراوە کە دەکاتە 26.41%، واتە 317,400 کەس. دوای ئەو، پەروەردە بە پلەی دووەم و ڕێژەی 12.29% (147,677 کەس) و بازرگانیی تاک و کۆ بە پلەی سێیەم و ڕێژەی 11.99% (144,147 کەس) دێن (بڕوانە

خشتەی 34). بۆ بینینی گۆڕانکارییەکان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو، ئەم نیشاندەرە لە ماوەی هاوشێوەی ساڵی 2014 بەم جۆرە بووە: 27.86% لە کارگێڕیی گشتی و بەرگری کردن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم، 12.83% لە بازرگانیی تاك و كۆ بە پلەی دووەم، و هەروەها 12.63% لە پەروەردە بە پلەی سێیەم.

## 6-1 کەرتی کار

لە هەرێمی کوردستان، کەرتی کار یەکێکە لەو بابەتانەی کە بە بایەخەوە لێی دەڕواندرێت و بێگومان ئەو لێڕوانینەش هۆکارەکانی تایبەت بە خۆی هەیە. یەکێك لە هۆکارەکان، بارگرانیی کەرتی حکومیە بەسەر بوودجەی ساڵانەی حکومەت کە پاڵ بە حکومەتەوە دەنێت بۆ هاندانی خەڵك بۆ رووکردنە کەرتی تایبەت و واز هێنان لە کەرتی حکومی. لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015 ڕێژەی کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومی بریتی بووە لە 50.35% لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان (بڕوانە خشتەی 35). ئەمە واتە 605,101 کەس. ئەم نیشاندەرە لە پارێزگای هەولێر 52.17% (235,761 کەس)، پارێزگای سلێمانی 46.97% (230,469 کەس) و پارێزگای دهۆك 53.58% (138,872 کەس) بووە. لە ماوەی هاوشێوەی ساڵی 2014 دا نیشاندەرەکە بەم شێوەیە بووە: 49.58% لەسەر ئاستی هەرێم، 49.82% پارێزگای هەولێر، 49.57% پارێزگای سلێمانی و 53.27% پارێزگای دهۆك. ئەمە وا دەردەخات کە لە سەر ئاستی گشتی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ رووی نەداوە و کەمتر لە 1% بەرز بوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە بەڵام گۆڕانکاری لە ئاستی پارێزگاکاندا بە روونی دیارە.

پشکی کەرتی حکومی لە نێو ئەو ئافرەتانەی کار دەکەن نزیکەی 76% بووە لە نیوەی دووەمی 2015. ئەمە بەو واتایە دێت کە 143,560 کەس لەو ئافرەتانەی کار دەکەن لە کەرتی حکومین. بەڵام لە نیوەی دووەمی 2014 ئەم ڕێژەیە 79.39% بووە و دابەزینی بە خۆیەوە بینیوە. لە نیوەی دووەمی 2015 ئەم نیشاندەرە لە کەرتی تایبەت 22.2% (42,078 کەس) بووە و لە نیوەی دووەمی 2014 بریتی بووە لە 19.81% (بڕوانە خشتەی 35).

چارتی 6: ڕێژەی كارمەندان لە كەرتی حكومی بە پێی ڕەگەز - نیوەی دووەمی 2015




چارتی 7: ڕێژەی كەسانی كاركەر بە پێی ڕەگەز و كەرتەكانی كار- نیوەی دووەمی 2015




بە پێی ئەو ئەنجامانەی كە لە ڕووپێوەكە دەركەوتوون، گۆڕانكاری لە دۆخی كەرتەكانی كاركردن لە پارێزگاكان كراوە و جیاوازی نێوان پارێزگاكان لە كەرتی تایبەت دا زیادی كردووە و پارێزگای سلێمانی هەروەك ساڵی ڕابردوو لە پلەی یەكەم دێت بەڵام بە جیاوازییەكی فراوانتر لەگەڵ پارێزگاكانی تر بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو.

چارتی 8: دابەشبوونی كەسانی كاركەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر بە پێی كەرتی كار - نیوەی دووەمی 2015



### 7-1 پیشەی سەرەکی

خشتەی 36 دابەش بوونی کەسانی کارکەر بە پێی پیشەی سەرەکیان روون دەکاتەوە. بە پێی زانارییەکانی ناو خشتەکە، بەرزترین رێژە بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە لە بواری خزمەتکردن یان فرۆشتن کار دەکەن و 21.61% ی گشت کەسانی کارکەر پێك دەهێنن و ئەم رێژەیە واتە 259,734 کەس. دوای ئەوان ئەو کەسانەی پیشەکەیان لە هێزە سەربازییەکانە 16.93% ی کەسانی کارکەر پێکدێنن، واتە لە کۆی کەسانی کارکەر کە بە پێی پیشەکەیان پۆلێن کراون 203,487 کەس لە بواری هێزی سەربازییەوە کار دەکەن. ئەو کەسانەش کە وەکو کارمەندی مەکتەبی کار دەکەن بە 12.7% (153,381 کەس) شوێنی سێیەمیان مسۆگەر کردووە. بە پێی ئەنجامەکانی رووپێوی هێزی کار لە نیوەی دووەمی 2014، بەرزترین رێژە کە دەکاتە 23.63% لە لایەن ئەو کەسانەوە مسۆگەر کراوە کە لە بواری خزمەت کردن یان فرۆشتن دا کاردەکەن. پلەی دووەم، واتە 16.16%، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کاری سەرەکیان لە گروپی پیشەیی بوون و شارەزایی دایە و ئەو کەسانەی لە پیشەکانی هێزە سەربازییەکاندا کاردەکەن 16.15% ی کەسانی کارکەر پێکدێنن و پلەی سێیەمیان دەستەبەر کردووە.

### 8-1 جۆری گرێبەست: هەمیشەیی یان کاتی

لە هەرێمی کوردستان و لە نیوەی دووەمی 2015، 1,023,438 کەس کە رێژەکەیان دەکاتە زیاتر لە 85% ی کەسانی کارکەر لە کارێکی هەمیشەییدا کاریان کردووە و ئەوانەش کە لە کارێکی کاتیی ماوە دیاریکراودا کاریان کردووە، بە ژمارە 83,112 کەس و بە رێژە، 6.92% ی کەسانی کارکەر بوونە. ئەو کەسانەش کە لە کارێکی بە ڕێکەوت و بۆ ماوەیەکی کورتی چەند رۆژە کاریان کردووە ژمارەیان 50,665 کەس بووە و رێژەی 4.22% ی کەسانی کارکەریان پێکهێناوە. ئەم نیشاندەرە بۆ ماوەی هاوشێوەی ساڵی 2014، واتە شەش مانگی دووەم بریتی بووە لە: 81.61% ی کەسانی کارکەر لە کارێکی هەمیشەیی، 11.68% لە کارێکی کاتی کە ماوەکەی دیارە و 3.76% لە کارێکی بەڕێکەوت بۆ ماوەی چەند رۆژێك، کاریان کردووە. وەك دیارە رێژەکان گۆڕانکارییان بەسەر دا هاتووە. ووردەکاریی زیاتری ئەم بابەتە لە خشتەی 37 خراوەتە روو.

### 9-1 داهاتی مانگانە

داهات بابەتێکی گرنگ و سەرەکییە لە شیکردنەوەی دۆخی ئابووری و دارایی هەر ناوچەیەك. بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە لە رووپێوی هێزی کار بۆ نیوەی دووەمی 2015 دەرکەوتوون، 386,881 کەس کە دەکاتە زیاتر لە 32% ی کەسانی کارکەر، داهاتی مانگانەیان لە گروپی داهاتی 500,000 بۆ 750,000 دیناری عێراقییە و ئەمە بەرزترین رێژەیە لە گروپەکانی داهاتدا. هەروەها لە نێو ئەو کەسانەش کە لە کەرتی حکومیدا کاردەکەن، واتە مووچەخۆری حکومەتی هەرێمن، 207,544 کەس کە دەکاتە زیاتر لە 34% ی ئەو کەسانەی لە کەرتی حکومیدا کار دەکەن، مووچەکەیان هەر لەم گرووپەدایە. دووەم بەرزترین ئاستی داهات (19.93%) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە داهاتی مانگانەیان لە گروپی داهاتی 250,000 بۆ 500,000 دیناری عێراقییە و ژمارەیان دەگاتە

238,693 كەس. بە وردبوونەوە لە خشتەی ژمارە 38 دەردەكەوێت كە زیاتر لە 76% ی كەسانی كاركەر (914,148 كەس) داهاتی مانگانەیان كەمترە لە یەك ملیون (1,000,000) دیناری عێراقی. هەروەها ئەو كەسانەش كە لە كەرتی حكومیدا كار دەكەن و داهاتیان كەمترە لەو بڕەی لە سەرەوە ئاماژەی پێكراوە ژمارەیان 418,363 كەسە و ڕێژەی 69% پێكدێنن و زیاتر لە 94٪ ی فەرمانبەرانی حكومەت (568,427 كەس) مووچەیان كەمترە لە یەك ملیون و پێنج سەد هەزار (1,500,000) دینار.




ئەگەر چاوێك بە داهاتی كەسانی كاركەر لە نیوەی دووەمی 2014 بخشێندرێت و بەراوردێك لە نێوانیان بكرێت، دەردەكەوێت كە 36% كەسانی كاركەر مووچەكەیان لە نێوان 500,000 بۆ 700,000 هەزار دیناری عێراقی بووە و لە كەرتی حكومیشدا هەر هەمان گروپی داهات، بەڵام لە ئاستێكی نزمتر دا، بەرزترین ڕێژەی هەبووە بە 33.75%. دووەمین بەرزترین ڕێژە، واتە 18.35%، دەگەڕێتەوە بۆ گروپی داهاتی 750,000 بۆ 1,000,000 دینار. بەڵام لە كەرتی حكومیدا دووەم بەرزترین ڕێژە كە 23.29% بووە، دەگەڕێتەوە بۆ گروپی داهاتی 1,000,000 بۆ 1,500,000 دینار. لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014، زیاتر لە 75% ی كەسانی كاركەر داهاتیان كەمتر بووە لە یەك ملیون (1,000,000) دیناری عێراقی.

چارتی 10: دابەشبوونی کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومی بە پێی گروپەکانی داهاتی مانگانە - نیوەی دووەمی 2015




### 10-1 پەیوەندیی نێوان کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانە و داهات

کاتژمێرەکانی کارکردن ئەو نیشاندەرەیە کە کارکەری نیوەچڵ و کارکەری تەواو لە یەك جیا دەکاتەوە. بە پێی ئەنجامەکان لە خشتەی ژمارە 41، بەرزترین ڕێژەی کاتژمێرەکانی کارکردن بۆ ئەو کەسانەیە کە لە 35 بۆ کەمتر لە 45 کاتژمێر لە یەك هەفتەدا کار دەکەن و ڕێژەکەش 29.44% دەنوێنێ و ژمارەیان خۆی لە 352,632 کەس دەدات. دوای ئەوان، ئەو کارکەرانەی لە نێوان 20 تاکو کەمتر لە 35 کاتژمێر کار دەکەن بە ڕێژەی 28.73% پلەی دووەمیان مسۆگەر کردووە و ژمارەیان 344,090 کەسە. بە گشتی زیاتر لە 33% کەسانی کارکەر (399,216 کەس) کەمتر لە 35 کاتژمێر لە یەك هەفتەدا کار دەکەن. ئەو کەسانەی کە تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانەیان لە 55 کاتژمێر زیاترە، واتە ڕۆژانە بە لای کەم 9 کاتژمێر کار دەکەن (ئەگەر لە هەفتەیەکدا تەنها یەك ڕۆژی پشوو بۆیان گریمان بکرێت) ڕێژەیەکی بەرزی هەیە و دەگاتە سەرووی 22% و ژمارەیان 264,872 کەس دەبێت.

لە بەر ئەوەی ڕێژەی کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانە لە ئاستێکی بەرز دایە، ئەکرێت ئەم حاڵەتە بۆ ئەو کەسانە تەفسیر بکرێت کە بۆ خۆیان کار دەکەن و کاری تایبەتیی خۆیان هەیە و پابەندی ستاندەرەکانی کارکردنی ڕۆژانە (واتە 8 کاتژمێر لە یەك ڕۆژدا) نین. بە پێی خشتەی 41، زۆرترین ژمارەی کەسانی کارکەر بۆ گروپی داهاتی 500,000 – 750,000 دینار دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان 386,881 کەسە و ڕێژەکەیان دەگاتە سەرووی 32% ی کۆی کەسانی کارکەر. دوای ئەمانە ئەو کەسانە دێن کە داهاتیان لە گروپی 250,000–500,000 دینار دایە. ئەم گروپە ژمارەیان 238,693 کەسە و ڕێژەی نزیکەی 20% ی کۆی کەسانی کارکەر پێکدێنن.

چارتی 11: دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی کاتژمێرەکانی کارکردن لە یەك هەفتەدا - نیوەی دووەمی 2015



# دەروازەی دووەم

## میتۆدۆلۆجی و کوالێتی

### 1-2 پرسیارنامە

پرسیارنامە (فۆرم) ی ئەم ڕووپێوە وەکو ئامرازی سەرەکیی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ئەژمار دەکرێت و لەسەر بنەمای ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) داڕێژراوە و تیایدا هەوڵدراوە ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستانیش بکرێت. هەروەها گشت تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی قۆناغەکانی کاری مەیدانی، وردبینی کردن، و چارەکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان لە خۆ دەگرێت. پرسیارنامەکە لە چەند تەوەرێك پێکهاتووە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 1-1-2 زانیارییەکانی پێناسەکردن

ئامانجی سەرەکیی ئەم تەوەرە دەستنیشان کردنی ئەو زانیارییانەن کە هەر خێزانێك پێیان دەناسرێتەوە کە بریتین لە چەند بابەتێکی وەك دابەشکردنەکانی داڕشتنی نموونە وەکو ژمارەی بوار، پارێزگا، قەزا، ناحیە، ناو و نمرەی گەڕەك یان کەرت، نمرەی بینا، نمرەی خێزان لە بوار، ناوی سەرۆك خێزان و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە، ئەنجامی چاوپێکەوتن، هتد.

### 2-1-2 تۆماری خێزان

ئەم تەوەرە چەند زانیارییەکی گشتگیری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتیی خێزان دەگرێتە خۆی کە هەندێك لەوان بریتین لە ناوی سیانی ئەندامانی خێزان، پەیوەندیان بە سەرۆکی خێزان، تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، جۆری بڕوانامە، باری هاوسەرگیری هتد.

### 3-1-2 دۆخی کار

ئەمە تەوەری سەرەکی و مەبەستی ڕووپێوەکەیە کە خۆی لە چوار بەشی گرنگ پێکهاتووە کە بریتین لە بەشداری کردن لە هێزی کار، حاڵەتەکانی کارنەکردن، حاڵەتەکانی کارکردن و کاری پچڕ پچڕ. پرسیارەکانی ئەم چوار بەشە لە گشت ئەو کەسانە دەکرێت کە تەمەنیان 12 ساڵان و سەرووترە و ئامانجەکەشی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر جۆری پەیوەندیی تاکەکان بە بازاڕی کار و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی وەکو دۆخی کار، چالاکیی ئابووری، شوێنی کارکردن و چەندەها نیشاندەری تری تایبەت بە هێزی کار.

### 2-2 چوارچێوە و نموونە

### 1-2-2 گشتگیربوون (کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە)

کۆمەڵگەی ئامانج لە گشت ئەو کەسانە پێکدێت کە لە تەمەنی 12 ساڵان و سەرووترن و بە شێوەیەکی ئاسایی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن.

### 2-2-2 چوارچێوەی نموونە

چوارچێوەی نموونەی ڕووپێوەکە لەو چوارچێوە گشتییە وەرگیراوە کە لە ساڵی 2009 و بۆ مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان، کاری نوێ کردنەوەی بۆ کرا و بریتییە لە 1,292,297 بلۆك لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان. هەر بلۆکێك هەمووو یان بەشێك لە شوێنێك (کە گەڕەك یان گوند دەبێت) لە خۆ دەگرێت واتە ئەکرێت گەڕەکێك یان گوندێك بەسەر یەك بلۆك یان زیاتر دابەش کرابێت. لە چوار چێوەی نموونەی ڕووپێوی کاروبێکاریدا بلۆکەکان وەکو یەکینەی سەرەتایی وەرگرتنی نموونە وەرگیراوە و یەکینەی دووەمی وەرگرتنی نموونەکەش بریتییە لە خێزانەکان. لە نێوان بلۆکەکاندا 700 بلۆك هەڵبژێردراون کە هەر یەك لەم بلۆکە هەڵبژێردراوانە بە "هێشوو" ناو دەبردرێن. دواتر لە هەر هێشوویەکدا 10 خێزان هەڵبژێردراون و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێویست.

### 3-2-2 قەبارەی نموونە

قەبارەی نموونەکە بریتییە لە 14000 خێزان بە گشتی، واتە لە هەر گەڕێکی ڕووپێوەکەدا 7000 خێزان دەست نیشان کراون. بەڵام لەم ساڵەدا بە هۆی ئەوەی تەنها یەك گەڕی ئەم ڕووپێوە ئەنجام دراوە کەواتە قەبارەی نموونەی ڕووپێوی هێزی کار لە ساڵی 2015 تەنها 7000 خێزان بووە.

### 4-2-2 دانانی نموونە

نموونەکەی ئەم ڕووپێوە لە سەر ئەو بنەمایە هەڵبژێردراوە کە پەیمانگەی لێکۆڵینەوە و پێشخستنی ئەمریکی (Research and Development Corporation (RAND)) لە ساڵی 2012 بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان دایڕشتووە. شێوازی هەڵبژاردنی نموونە لەم ڕووپێوە جیاوازە لەگەڵ گشت ڕووپێوەکانی تر. لە هەموو ڕووپێوەکاندا، ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لە هەر قەزایەك هەڵدەبژێردرێن لە گشت قەزاکاندا یەکسانە، بەڵام لە ڕووپێوی کار و بێکاریدا هەوڵ دراوە لە هەر قەزایەك بە پێی قەبارەی قەزاکە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە خێزان بۆ نموونەکە هەڵبژێردرێن. بۆ ئەم مەبەستەش قەزاکان بە پێی قەبارەی دانیشتوانیان پۆلێن کراون و دواتر بۆ هەر گروپێك ژمارەی ئەو خێزانانە دەست نیشان کراون کە بەشدار دەبن لە ڕووپێوەکەدا کە لە نێوان 160 بۆ 400 خێزان بووە. واتە، لە سەنتەری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك کە گەورەترین قەزاکانن لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، 400 خێزان هەڵبژێردراون کە بە زۆرترین ژمارەی خێزانی هەڵبژێردراو لە نێو قەزاکان دادەنرێت. کەمترین ژمارە خێزانی هەڵبژێردراو لەو قەزایانەی کە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بچووکن، بۆ نموونە قەزای ڕەواندز لە پارێزگای هەولێر و قەزای ماوەت لە پارێزگای سلێمانی، بریتییە لە 160 خێزان.

### 5-2-2 سوڕانەوەکانی نموونەی ڕووپێو

لەبەر ئەوەی ئەم ڕووپێوە دەکرێت لە ساڵێکدا زیاتر لە جارێك ئەنجام بدرێت بۆیە پێویستە بەشێك لە نموونەی ڕووپێو لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر بەشداری پێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕێچکەی گۆڕانکارییەکان چاودێری بکرێن و ون نەکرێن. ئەم شێوازی گۆڕانکاری لە نموونەی ڕووپێودا پێی دەوترێت "سوڕاندن". لە هەر جارێکی ڕووپێودا، نیوەی نموونە کە دەکاتە 3500 خێزان لە نموونەکە دەردەکرێن و خێزانی نوێ لە جیاتی دادەنرێت. بەم شێوەیە لە هیچ جارێکی ڕووپێوەکەدا نموونەکە بە تەواوی ناگۆڕدرێت و هیچ جارێکیش نموونەکە

وەك ئەوەی جاری پێشووتر نییە و لە جاری سێیەمدا ئیتر هیچ خێزانێکی ئەو نموونەیەی کە بۆ جاری یەکەم هەڵبژێردرا نامێنێت و جاری دوای ئەویش هیچ خێزانێکی جاری دووەم نامێنێت و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

### 3-2 ئەژمارکردنی کێشەکان

بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەکانی هەر رووپێوێك کە لە سەر نموونەیەکی کۆمەڵەیەك دەکرێت بەسەر گشت کۆمەڵەکەدا بگشتێنین، پێویستە ئەوە بزانین کە ئایا هەر کەسێکی نموونەکە نوێنەرایەتیی چەند کەسێکی کۆمەڵە گشتییەکە دەکات. ئەم کارە پێی دەوترێت کێش کردن و بۆ ئەم مەبەستەش چەند یاسا و رێسایەکی تایبەت هەن کە بەکار دەهێنرێن و کێش کردنەکە ئەنجام دەدرێت.

### 4-2 کاری مەیدانی

کاری مەیدانی بە گرنگترین قۆناغی هەر رووپێوێکی ئاماری ئەژمار دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا لە سەرچاوە بەرایییەکان. هەر لەبەر ئەمەیە کە گەرەنتی کردنی هۆکارەکانی سەرکەوتن لەم قۆناغەدا لە بابەتە هەرە بنەڕەتییەکانە کە بە شێوەیەکی وورد و قوڵ کاری لەسەر دەکرێت. ئەم رووپێوە پێویستی بە 10 رۆژ کاری مەیدانی هەیە بۆ سەردان کردنی خێزانەکان و کۆ کردنەوەی داتا. چوارچێوەی نموونەی ئەم رووپێوە هەر دوو ساڵ جارێك نوێ دەکرێتەوە و ماوەی 8 رۆژ دەخایەنێت کە ئەویش لە رێگای کاری مەیدانی و سەردانی راستەوخۆوە ئەنجام دەدرێت.

#### 1-4-2 راهێنان و دەستنیشانکردن

لە گشت گەڕەکانی ئەم رووپێوە خولی راهێنان بۆ ئەو کەسانە دەکرێت کە بۆ جاری یەکەم بەشدار دەبن لەم رووپێوەدا و کاری کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجام دەدەن. جگە لەمەش، خولی وەبیرهێنانەوە بۆ ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە لە گەڕەکانی پێشووتر بەشدار بوونە لە کرداری کۆکردنەوەی داتا لە مەیدان و پێشنەیەکیان لەم رووپێوەدا هەیە. ناوەڕۆکی راهێنانەکان لەسەر ئەو رێکار و میکانیزمانەیە کە لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا پێویستن بۆ ئەوەی کارەکە بە باشترین شێوە و لە کەمترین کاتی پێویستدا بە ئەنجام بگات.

ئامانجی ئەم راهێنانانە بریتییە لە ئاگاداربوونی راهێنراوان لەسەر سیستەمی رووپێوە مەیدانییەکان و مەنهەجی لێکۆڵینەوە. هەروەها کورتەیەك لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەی رووپێوەکە بۆ ئەو کەسانە باس دەکرێت کە بەشدار دەبن لە راهێنانەکاندا. تایبەتمەندییەکانی رووپێوی هێزی کار و لەگەڵیشیدا چەمکە سەرەکییەکان، چۆنیەتی چوون بۆ مەیدان، شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ خێزانە هەڵبژێردراوەکان و ئەو ژینگەیەی کە رووپێوەکە تیایدا ئەنجام دەدرێت بەشێکن لە بابەتەکانی خولەکانی راهێنان. بەشێکی تری خولەکانی راهێنان کە گرنگییەکی تایبەتیی هەیە و کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەر کوالێتیی داتاکان بریتییە لە رێکارەکانی پەیوەندی درووست کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت و هەروەها چۆنیەتی ووردبینی کردنی زانیارییەکان هەم لە مەیدان و هەم دوای گەڕانەوە لە مەیدان و بە شێوەی مەکتەبی. باش بەڕێوەبردنی خولەکانی راهێنان و پوختە و توکمە بوونی وانەکان و بابەتە گرنگەکانی نێو خولەکان هۆکاری هەرە سەرەکین بۆ هەبوونی داتای رێك و درووست. ئەمەش یەکێکە لە پێداویستییەکانی هەبوونی نیشاندەری راستەقینە کە رەنگدانەوەی واقعی نێو کۆمەڵگا بێت.

### 2-4-2 بەهێما کردن (تەرمیز)

بە هێما کردن یەکێکە لەو قۆناغانەی کە لە زۆربەی رووپێوەکاندا گرنگییەکی زۆری هەیە. لە رووپێوی کار و بێکاریدا، کە ئێستا بەرێوە دەچێت، هێماندن رۆلێکی زۆر گەورە و کاریگەری پێی نەدراوە. هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی بابەتی پیشە و چالاکیی ئابووری کە گرنگترین و سەرەکیترین ئەو بابەتانەن کە لە رووپێوی کار و بێکاریدا پێویستیان بە هێماندن هەیە، بە شێوەیەکی کورتکراوە رێکخراون و هێماکانیان لە لیستێك لەگەڵ دەفتەری پرسیارنامە هاوپێچ کراو و کەسی توێژەر یان سەرپەرشتیارەکەی یان ووردبین بە سوود وەرگرتن لەم لیستە ئەتوانن راستەوخۆ هێمای پیشە یان چالاکیی ئابووریی کەسەکان بدۆزنەوە و بەکاری بهێنن. هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە پیشە و چالاکیی ئابووری لەم رووپێوەدا کە پشت بە پۆلینی نێودەولەتیی پیشەکان 2008 ( ISIC 2008) دەبەستێت، لە ئاستی سێیەم دابەزێندراون. بەم پێیەش ووردەکاریی زۆری تێدا نییە و لە لیستێکدا کۆکراون و هاوپێچی پرسیارنامەکە کراون.

## 5-2 داگرتن و چارەکردنی داتاکان

### 1-5-2 داگرتنی داتاکان

داتا کۆکراوەکانی ئەم رووپێوە دوای ئەوەی ووردبینیی مەکتەبی بۆ پرسیارنامەکان کرا و دڵنیا بوونەوە لەوەی بە راست و درووستی پڕ کراونەتەوە، دەچن بۆ قۆناغی دواتر کە بریتییە لە داگرتن لە کۆمپیوتەر. پرۆگرامی داگرتنی داتا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە پرۆگرامی CSPro کە تایبەتە بە داگرتنی داتا، لە بەشی شیکردنەوەی داتاکان دادەنرێت و دواتر دەنێردرێت بۆ بەرێوەبەرایەتییەکانی ئامار کە کاری داگرتنی داتاکان لەوێ ئەنجام دەدرێت. سروشتی پرۆگرامەکانی داگرتنی داتا بەجۆرێکن کە ئەوانیش جۆرە وردبینییەکی داتاکان دەکەن و ئەمەش بە یەکێك لە بازگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی داتاکان ئەژمار دەکرێت. بۆ نموونە ئەو پرسیارانەی کە پێویستە باز بدرێن یان ئەو پرسیارانەی کە بۆ رەگەز یان تەمەنێکی تایبەت دانداروان یان ئەو حاڵەتانەی لە پرسیارێك دا هەن کە وەڵامدانەوەیان گرێدراوە بە هەندێك تایبەتمەندیی ئەو کەسەی داتاکانی لێوەردەگیرێت، ئەگەر بێت و بە راست و درووستی پڕ نەکرابنەوە و هەڵەیان تێدا کرابێت، ئەکرێن لە پرۆگرامی داگرتنی داتاکاندا کۆنترۆڵ بکرێن و رێگا لە هەڵەکان بگیرێت و چاك بکرێنەوە، ئینجا لە کۆمپیوتەر دابگیرێن.

### 2-5-2 چارەکردنی داتاکان

چارەکردنی داتاکان قۆناغی بەر لە شیکردنەوەی داتاکانە. دوای داگرتنی داتاکان ئەبێت سەیری داتاکان بکرێت بە گشتی، کە ئایا وەڵامەکان لە ئاستێکی باوەڕ پێکراو و جێگای متمانەدان یان نە. هەروەها ئەبێت ئەو حاڵەتانەش بدۆزرێنەوە کە ئەبوایە وەڵامیان هەبێت بەڵام وەڵام نەدراونەتەوە، یاخود بە پێچەوانەشەوە. ئەو وەڵامانەش کە لە ئاستێکی مەعقوولدا نین دەست نیشان دەکرێن و پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر ئەو حاڵەتانەی تەمەنی هاوسەرگیری کەمتر بێت لە 15 ساڵان رەنگە پێویستی بە پێداچوونەوەی داتاکان هەبێت بە تایبەت ئەگەر ئەم حاڵەتانە لە یەك شوێن روویاندابێت یان لە لایەن یەك یان چەند توێژەرێکی دیاریکراو روویان دابێت. گشت ئەم حاڵەتانە کە بە زانستی یان مەعقوول دانادرێن دوای تەواو بوونی داگرتنی داتاکان لە رێگای راپۆرتی تایبەت کە لە رێگای پرۆگرامەکەی داگرتنی داتاکان ئامادە دەکرێت دەست نیشان دەکرێن و هەوڵی

راستکردنەوە و چارەکردنیان دەدرێت بەر لەوەی داتاکان بچن بۆ قۆناغی خشتاندن (Tabulation) و شیکردنەوەی ئاماری(Statistical Analysis).

### 6-2 کوالێتیی داتاکان

کوالێتیی داتاکان پانتاییەکی فراوان لە خۆ دەگرێت. ئەم پانتاییە لە پلانی سەرەتایی رووپێو دەست پێدەکات و لە چۆنیەتیی بلاو کردنەوە و تێگەیشتنی داتاکان و سوود وەرگرتن لێیان کۆتایی دێت. کوالێتیی ئاماری خاوەنی حەوت رەهەندە کە بریتین لە: هەبوونی پەیوەندی بە واقع، ووردی، لەکاتی خۆیدا بوون، توانای گەیشتن بە ئامانج، توانای بەراوردکاری، جێگیربوون و بەهێزی، تەواوکاری.

### 7-2 ووردبوونی داتاکان

لە گشت رووپێویکدا، روودانی هەڵە هەیە و ناشتوانرێت نکوڵی لە هەبوونی هەڵە بکرێت بەلاٌم رێگا چارەی زانستیی جۆراوجۆر هەن بۆ کەم کردنەوەی رێژەی هەڵە لە کارە ئامارییەکاندا. لە هەر رووپێوێکدا دوو جۆرە هەڵە هەن، هەڵەی ئاماری و هەڵەی نائاماری.

### 1-7-2 هەڵەی ئاماری

هەڵەی ئاماری بریتییە لەو هەلأنەی لە کاتی هەڵبژاردنی نموونە روودەدەن. هەروەك گشت رووپێوەکان، رووپێوی کار و بێکاریش دوور نییە لە هەڵەی ئاماری. یەکەمین و گرنگترین ئەو هەلأنە بریتییە لە نەبوونی چوارچێوەیەکی ئاماریی تەواو و نوێ کراوە بۆ هەڵبژاردنی نموونەیەکی رێك و پێك. ئەم چوارچێوەیە لە رێگای سەرژمێرییەکانەوە بەدەست دێت و دواتر نوێ کردنەوەی بۆ دەکرێت. لەم رووپێوەدا بەو پەڕی تواناوە هەوڵدراوە لەم هەڵەیە بەدوور بێت. چوارچێوەی سەرەکیی ئەم رووپێوە لە ئەنجامەکانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانانی ساڵی 2009 وەرگیراوە و دواتر هەوڵ دراوە بە سەردانیکردنی مەیدانی ناوی ئەو خێزانانە نوێ بکرێنەوە کە لە چوارچێوەکەدا هەبوون و لیستێکی نوێی ئەو خێزانانە دەستەبەر بکرێت کە لەواقعدا هەن و لە کاتی رووپێوەکەدا لەو شوێنانە دەژین کە نموونەکە لێیان هەڵدەبژێردرێت. کەواتە توانراوە لە بەشێکی هەڵەکە بەدوور بین ئەویش نوێ کردنەوەی چوارچێوەکەیە و ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ هەڵبژاردنی نموونەی رووپێو، بەلاٌم بەشێکی تری گرفتەکە کە نەتوانراوە بەلاوە بنرێت و کاریگەریی هەبووە لەسەر نموونەکە بریتیە لە نەبوونی ئەو گوند و گەڕەکانەی کە دوای پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانانی ساڵی 2009 بنیات نراون.

### 2-7-2 هەڵەی نائاماری

هەڵەی نائاماری ئەو هەلأنەن کە لە لایەن تیمەکانی کاری مەیدانی یان ئامرازەکانی رووپێوەکانەوە روودەدەن. گرنگترین هەڵەکانی نائاماری بریتین لە سەرنەکەوتنی چاوپێکەوتن بە هەر هۆکارێك بێت وەکو ئامادە نەبوون بۆ وەلأمدانەوە، لەماڵەوە نەبوون، رەتکردنەوەی وەلأمدانەوەی هەندێ پرسیار (واتە چاوپێکەوتنی ناتەواو)، وەلأمدانەوەی بە هەڵە لە لایەن کەسی وەلأمدەرەوە (واتە راستگۆ نەبوون لە وەلأمەکان)، هەڵەکانی چاوپێکەوتن کە لە لایەن توێژەری مەیدانی روودەدەن (وەك باش نەبوونی هەڵسوکەوت، ورووژاندنی نابەجێی هەستی کەسی وەلأمدەر، کەمتوانایی لە تێگەیاندنی کەسی وەلأمدەر لە مەبەستی سەرەکیی پرسیارەکان یان رووپێوەکە بە گشتی، هتد)، و هەروەها هەڵەکانی داگرتنی داتا.

دەکرێت زۆربەی هەڵە نائامارییەکان لە ڕێگای بەهێز کردنی میکانیزمی جێ بەجێ کردنی ڕووپێو، هەبوونی چاودێرییەکی ڕێك و پێك لە کاتی کاری مەیدانی، بەهێز کردنی خولەکانی ڕاهێنان، جەخت کردن لە سەر پەیڕەو کردنی گشت ڕێنماییەکانی تایبەت بە ڕووپێو و هەروەها هەڵبژاردنی درووستی کەسانی ڕاهێنەر بۆ نزمترین ئاست کەم بکرێنەوە و ئەمەش بە واتای بەهێزتر بوونی ڕووپێوەکە و ڕاستەقینەتر بوونی داتا و زانیاری و ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە دێت.

یەکێك لەو بابەتانەی کە لە ڕووپێوێکی وەکو کار و بێکاریدا ڕەنگە هەڵەیەکی زۆری تێدا بکرێت و وەڵامەکان تا ڕادەیەك لە سنووری ڕاستەقینەی خۆیان دوور بن بابەتی داهاتی کەسانی کارکەرە. دوو هۆکاری هەرە سەرەکی لە هەبوونی هەڵە لەم بابەتەدا ئەتوانرێت لەبەرچاو بگیرێت. یەکەمیان ئەوەیە کە بابەتی داهات یەکێکە لە بابەتە هەستیارەکان و ڕەنگە کەسی وەڵامدەر ئارەزووی ئەوە نەکات وەڵامی ڕاست و دروست بداتەوە. هۆکارێکی تر ئەوەیە کە لەوانەیە یەك کەس لە جیاتی هەموو یان چەند ئەندامێکی خێزان وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە بە تایبەت ئەگەر کەسەکە لە ماڵەوە نەبێت.

### 3-7-2 ڕێژەی وەڵامدانەوە

هەروەك لە سەرەوە ئاماژە پێکرا، تێکرای وەڵامدانەوە لە ڕووپێوەکاندا و شوێن پێیەکانی لە مەزندەکانی کۆتایی و لە کاتی شیکردنەوەکاندا و دوای ئەویش، بە هەڵەی نائاماری ئەژمار دەکرێت. لە ڕووپێوی کار و بێکاری لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015 دا لە بەر هۆکاری ماڵی و دارایی تەنها توانرا یەك گەڕی ڕووپێوەکە ئەنجام بدرێت. ژمارەی ئەو خێزانانەی بۆ نموونەکە هەڵبژێردران بریتی بوو لە 7000 خێزان. لەم ژمارەیە 2190 خێزان لە هەولێر، 3130 خێزان لە سلێمانی و 1680 خێزان لە دهوك هەڵبژێردرا بوون.

لەم تاکە گەڕەدا، زانیاریی 6136 خێزان، کەدەکاتە 34676 کەس بە تەواوی وەرگیراوە. بەم پێیەش ڕێژەی وەڵامدانەوەی ڕووپێوەکە لەم گەڕەدا بە گشتی 87.66% بووە. خشتەی خوارەوە ڕێژەکانی وەڵامدانەوە لە گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پیشان دەدات.

خشتەی 1– ڕێژەی سەدیی وەڵامدانەوە لە ڕووپێوی کار و بێکاری – نیوەی دووەمی 2015

| | کۆ | هەولێر | سلێمانی | دهوك |
|---|---|---|---|---|
| تەنها یەك گەڕ (نیوەی دووەم) | 87.66 | 85.34 | 88.69 | 88.75 |

### 8-2 توانای بەراوردکاری

ئەم پێوەرە بە یەکێك لە کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکانی زۆر لە شیکردنەوەکان دادەنرێت. هەر ڕووپێوێك ئەبێت ئەو توانایەی تێدا بێت کە بتوانرێت لە گەڵ ڕووپێوی تردا بەراورد بکرێت. ئەم بەراورد کردنە بە پێی کات و شوێن دەکرێت. لەبەر ئەوەی ئەم ڕووپێوە پێشتریش لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە بۆیە ئەتوانرێت ئەنجامەکانی لەگەڵ ڕووپێوەکانی پێشووتر بە پێی کات و شوێن بەراورد بکرێت. لەم ڕاپۆرتە دا هەوڵدراوە لەو شوێنانەی کە بە پێویست زانراوە، بەراورد بکرێت لە نێوان ئەنجامەکانی ساڵی 2015 و ساڵانی پێشتووتری

خۆی. بەڵام بۆ هەبوونی کارێکی بەراوردکاریی بەهێز، پێویستە بەراوردەکە لە نێوان هۆکارەکانی ئەو جیاوازییانەدا بکرێت کە ساڵانە رووبەرووی گۆڕاوەکان دەبێتەوە.

### 9-2 کۆنترۆڵی جۆری

بۆ مەبەستی دڵنیا بوون لەوەی کارەکان لە رووی مەیدانی و مەکتەبییەوە بە درووستی و لەسەر رێڕەوی خۆیان و بە پێی ئەو ریزبەندە بەڕێوە دەچن کە پرسیارنامەکە پەیڕەویان دەکات، کە بریتین لە کۆکردنەوەی داتا، ووردبینی مەیدانی، ووردبینی مەکتەبی، بەهێماکردن (تەرمیز)، داگرتنی داتاکان، ووردبینی کۆتایی دوای داگرتن، و هەروەها هەڵگرتن و پاراستنی داتاکان؛ چەند کۆت و رێسایەك داندراون.

بۆ هەبوونی داتایەکی رێك و باوەڕپێکراو و زانستی، هەر لە سەرەتای رووپێوەکەوە تا کۆتایی، چەندین شێواز بۆ کۆنترۆڵی جۆریی داتاکان پەیڕەو دەکرێن. بۆ نموونە، توێژەرە مەیدانییەکان راهێنانیان پێدەکرێت، داگرەکانی داتا لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی پرۆگرامی داگرتن راهێنان دەکەن، پرۆگرامی داگرتن پشکنینی بۆ دەکرێت کە ئایا لە هەموو روویەکەوە بە درووستی کاردەکات، ووردبینی بۆ تۆمارەکان دەکرێت بەر لەوەی بچن بۆ داگرتن، دوای تەواو بوونی داگرتنی داتاکان (یان هەر لە کاتی بەڕێوەچوونی داگرتنەکە) راپۆرتی تایبەت بە کێشەکان یان نەشیاویی داتاکان دەستەبەر دەکرێت بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بکرێت و کەم و کورییەکان چارەسەر بکرێن.

هەروەها لە کاتی کاری مەیدانیدا بۆ ئەوەی رێگا لە هەرجۆرە کێشە و گرفتێك بگیرێت، بەردەوام پەیوەندی هەیە لە نێوان تیمە مەیدانییەکان و سەرپەرشتیاران یاخود بەرپرسی رووپێو لە پارێزگا یان قەزا. ئەم هەنگاوە گرنگە، بۆ ئەوەی هەر لەکاتی کاری مەیدانیدا کێشەکان چارەسەر بکرێن بەر لە گەڕانەوەی تیمەکان بۆ بنکەکانی خۆیان و بەردەوام بوونی رووپێوەکە لە قۆناغەکانی دوای کاری مەیدانی. یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی تری ئەم هەنگاوە، گشتاندنی چارەسەرەکان بۆ سەر هەموو تیمە مەیدانییەکان بۆ ئەوەی لەکاتی رووبەرووبوونەوەی هەمان کێشە، چارەسەر لەبەر دەستی توێژەری مەیدانی یان سەرۆکی تیمدا هەبێت و کارەکە خێرایی خۆی لەدەست نەدات و کار نەکاتە سەر پلانی دارێژراو بۆ کاتەکان.

# دەروازەی سێیەم

## چەمك و پێناسە گرنگەكان

بۆ ڕوونتر بوونی مەبەست و ئەنجامەکانی ڕووپێوی کار و بێکاری و باشتر تێگەیشتن لە چەمکەکانی تایبەت بە بێکاری و دوورکەوتنەوە لە لێکدانەوەی هەڵە و نازانستی، پێویستە چەمك و پێناسەکانی تایبەت بە بابەتی کار و بێکاری بە باشی و بە وردی خوێندەوەیان بۆ بکرێت. لەم بەشەدا، ئەو چەمك و پێناسانە دەخرێنە ڕوو کە پێویستن بۆ باشتر تێگەیشتن لە واتای نیشاندەرەکانی کار و بێکاری.

***خێزان***: لە ڕووی ئامارییەوە، خێزان برتییە لە کەس یان کۆمەڵە کەسانێك کە پەیوەندیی خوێنی و خزمایەتییان بە یەکەوە هەیە یاخود نییە بەڵام لە یەك نشینگەدا ژیان بەسەر دەبەن و لە خواردن و گشت خەرجییەکانی ژیاندا هاوبەشی یەکترن.

***هێزی مرۆڤی***: هەموو ئەو کەسانەن کە لە تەمەنی 15 ساڵ یان سەرووترن.

***هێزی کار (کەسانی چالاك لەڕووی ئابوورییەوە)***: هەموو ئەو کەسانەن کە لە هێزی مرۆڤی دان و چەمکەکانی کار و بێکاری دەیان گرێتەوە. بە واتایەکی تر، بەشداربووان لە هێزی کار گشت ئەو کەسانەن کە کارکەرن یان بێکارن و پێناسەی بێکاری دەیان گرێتەوە. پێویستە ئەوەش ئاماژە پێبدرێت کە بەشدار بووان لە هێزی کار بە کەسانی چالاك لە ڕووی ئابووریشەوە ناو دەبردرێن.

***کەسانی دەرەوەی هێزی کار (ناچالاك لەڕووی ئابوورییەوە)***: گشت ئەو کەسانە دەگرێتە خۆی کە تەمەنییان لە تەمەنی کارکردن بچووکتر بێت واتە کەمتر بێت لە 15 ساڵان، یان لە تەمەنی کارکردندان واتە 15 ساڵان و سەرووترن بەڵام هەردوو پێناسەی کارکەر و بێکار نایانگرێتەوە. ئەم کەسانە بەدوای کاردا ناگەڕێن و تەنانەت ئامادەی کارکردنیش نین بەهۆی ئەوەی ئارەزووی کارکردنیان نییە یان پێویستیان بە کارکردن نییە یان هەر هۆکارێکی تر بێت. کەسانی دەرەوەی هێزی کار بەسەر چەند گرووپێکدا دابەش دەبن بەمشێوەیەی خوارەوە:

1- **ئەو کەسانەی تەنها دەخوێنن**: ئەوانەی بە شێوەی ڕێك و پێك و بەردەوام خەریکی خوێندنن بە ئامانجی گەیشتن بە ئاستێکی دیاریکراوی زانستی و لە ماوەی پشت بەستنی ڕووپێوەکەدا پەیوەندییان بە هیچ جۆرە کارێکەوە نەکردووە. ئەو کەسانەی کاری ناوماڵ دەکەن یان وەکو (هوایات) کارێك دەکەن، ئەم پێناسەیە نایانگرێتەوە.

2- **تەرخان کراو بۆ کاری ناوماڵ**: ئەو کەسەیە (پیاو یان ئافرەت) کە کاری نییە و خوێندنێکی دیاریکراوی بەردەوام و ڕێك و پێکی نییە و بە ئامانجی خزمەتکردن بە خێزانەکەی لە ناو ماڵەکەی خۆیدا خەریکی کار کردنە. ئەم پێناسەیە ئەو خزمەتکارانەی ناو ماڵەکان ناگرێتەوە کە بەرامبەر پارە یان دەستکەوتێکی نادراوی (عەینی) کار دەکەن بەڵکو ئەم جۆرە کەسانە بە کارکەر دەژمێردرێن و خزمەتکارییەکەیان بە کارکردن دادەنرێت.

3- **خەمسارد لە کارکردن**: ئەو کەسەی گەیشتۆتە تەمەنی کارکردن بەڵام لە ماوەی کاتی پشت بەستنی رووپێوەکە هیچ جۆرە کارێکی نەکردووە و بەدوای کاریشدا نەگەڕاوە و تەنانەت ئامادە نییە کار بکات و بە شێوەیەکی بەردەوام و رێك و پێك و بۆ مەبەستی گەیشتن بە دەستکەوتێکی زانستی خەریکی خوێندن نییە.

4- **میوان**: ئەو کەسەیە کە لە دامەزراوەیەکی دیاریکراوی وەکو زیندان، نەخۆشخانەی دروونی، خانەی بەساڵاچووان یان هاوشێوەکانیاندا دەژیت.

5- **داماو/ بەساڵاچوو**: ئەو کەسەیە کە توانای ئەنجامدانی هیچ جۆرە کارێکی نییە ئەویش بە هۆی نەخۆشییەکی درێژ خایەن، پەککەوتەییەکی دیاریکراو، یان بەرز بوونی تەمەن.

6- **خاوەن داهات/ خانەنشین**: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئارەزووی هیچ جۆرە کارکردنێکی نییە ئەویش بەهۆی ئەوەی داهاتی هەیە یاخود مووچەی خانەنشینی وەردەگرێت.

***دابەشبوونی هێزی کار***: بەگشتی بەشداربووان لە هێزی کار بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەبن کە بریتین لە کارکەر و بێکار. کەسانی کارکەر بە سەر دوو گروپ دابەش دەبنەوە، کارکەری تەواو و کارکەری نیوەچڵی. هەروەها ئەوانەش کە کار ناکەن و بە بێکار ناودەبردرێن بە کەسانی پەیوەندیدار بە هێزی کارەوە ئەژمار دەکرێن بەڵام بە مەرجێك کە پێناسە و چەمکی بێکاری بیانگرێتەوە.

***ماوەی پشت بەستن***: بریتییە لە هەفتەی بەر لە رۆژی چاوپێکەوتن لە رووپێوەکەدا.

***کار***: ئەو هەوڵ و کۆششەیە کە تاکەکان لەگشت چالاکییەکاندا دەخەنە گەڕ بۆ مەبەستی قازانج کردن یان دەستکەوتنی کرێیەکی دیاریکراو چ بە شێوازی مووچەی مانگانە بێت یان هەفتانە یان رۆژانە. هەروەها ئەکرێت ئەم کرێیە دیاریکراوە لەسەر پارچەیەك بێت یان رێژەیەك بێت لە قازانجەکان یان هەر رێگایەکی تر بێت. هەروەها کاری بێ کرێ، پرۆژە یان کارکردن لە کێڵگەی خێزان ئەچێتە خانەی چەمکی کار.

***کارکەر***: ئەو کەسەی تەمەنی 15 ساڵان یان سەرووترە و بەشداری لە کارێکی دیاریکراودا دەکات تەنانەت ئەگەر یەك کاتژمێریش بێت لە کاتی دیاریکراو لە ماوەی پشت بەستندا. ئەم کارە دەکرێت بەپارە بێت، کارەکە بۆ خودی کەسەکە بێت، کارێکی بێپارە بێت، کارێك بێت لە کێڵگە یان بەرژەوەندییەکی تری خێزانی، یان بە شێوەیەکی کاتی نائامادە بێت لە کارێکدا (بەهۆی نەخۆشی، پشوو، راوەستانی کاتی، یان هەر هۆکارێکی تر). کارکەران بە پێی کاتەکانی کارکردن ئەکرێن بە دوو بەش، بەشی یەکەم ئەوانەی مانگانە کەمتر لە 35 کاتژمێر کار دەکەن و بەشی دووەم ئەوانەی مانگانە بەلای کەم 35 کاتژمێر کاردەکەن. کارکەرەکان بە پێی جۆرەکانی کارکردن بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

1- **خاوەن کار**: ئەگەر کەسێك لە کارگەیەك یان کارخانەیەك کە هەمووی یان بەشێکی هی خۆی بێت کار بکات بەلای کەم کەسێك لە ژێر دەستی ئەو بە کرێ کار بکات، ئەم کەسە بە خاوەن کار دەناسرێت. ئەم پێناسەیە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە پرۆژە یان بەڵێندەرایەتی لە دەرەوەی کارگە یان کارخانەکە بەڕێوە دەبەن، بەڵام بەو مەرجە کە بەلای کەم یەك کەس لە ژێر سەرپەرشتی ئەو بە پارەی ئەو کار بکات. شایانی باس کردنە کە ئەم پێناسەیە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خاوەن پشك بن لە کۆمپانیا پشکدارییەکان تەنانەت ئەگەر لەو کۆمپانیانەیە دا کار بکەن.

2- **بۆ خۆی کاردەکات**: ئەگەر کەسێك لە کارگەیەك یان کارخانەیەك کە هەمووی یان بەشێکی هی ئەو بێت کار بکات بەڵام هیچ کەس یان کەسانێك لە ژێر سەرپەرشتیی ئەو کار نەکات و هیچ کرێیەکی کارکردن نەدات، ئەوا پێی دەوترێت کەسەکە بۆ خۆی کار دەکات.

3- **بە کرێ کار دەکات**: ئەگەر کەسێك بۆ کەسێکی تر یان بۆ کۆمپانیا یان دامەزراوەیەك یان لایەنێکی دیاریکراو و لە ژێر سەرپەرشتیی ئەوان کار بکات و لەبری کارەکەی پارەیەکی دیاریکراو وەکو کرێی کار کردن وەربگرێت بە شێوەی ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە، پارچە کراو یان هەر شێوەیەکی تری پێدان، ئەو کەسە پێی دەوترێت بە کرێ کاردەکات. ئەم پێناسەیە کارمەندەکانی حکومەت، کۆمپانیاکان و ئەو کەسانەش کە بە کرێ لە لایەن کەسانێك یان لە بەرژەوەندییەکی خێزانی (بۆ نموونە کێڵگە) کار دەکەن دەگرێتە خۆ.

4- **ئەندامی خێزان کە بێ کرێ کار دەکات**: ئەو ئەندامەی خێزانە کە کار دەکات بۆ خێزان، لە پرۆژەیەك یان بەرژەوەندییەك یان کێڵگەی خێزان و بۆ ئەو کارەش هیچ کرێیەك داوا ناکات و هیچ پشکیشی نییە لە قازانجەکانی کارەکەدا.

***بێکار (بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار)***: گشت ئەو کەسانەن کە لە تەمەنی کارکردندان (15 ساڵان و سەرووتر) و بە هیچ شێوەیەك لە ماوەی دیاریکراوی پشت پێبەستن لە هیچ جۆرە کارێکدا کاریان نەکردبێت، بەڵام لەو ماوەیەدا ئامادەییان هەبوو بێت بۆ کار کردن و بە شێوەیەك لە شێوەکانی وەکو خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ناونووسین لە نووسینگەکانی بەکارخستن، پرسیار کردن لە خزم و دۆستان یان هەر شێوازێکی تر بەدوای کاردا گەڕا بن.

***کارکەری نیوەچڵی***: بە کەسێك دەگوترێت کە کاتژمێرەکانی کارکردنی کەمترن لە ئاستی پێویست ( 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا) بە بەراورد لەگەڵ حالەتەکانی تری کارکردن. هەروەها ئارەزووی کارکردنی زیاتری هەیە و هەولیشی بۆ دەدات.

***کاری سەرەکی***: ئەو کارەیە کە کەسێك بە شێوەیەکی ڕاهاتوو ئەنجامی دەدات، بە واتایەکی تر ئەو کارەی کە کەسێك زیاتر لە نیوەی کاتی کارکردنی خۆی بەو کارەوە خەریك دەبێت، یاخود زۆرترین دووبارەبوونەوەی هەبووە لە ماوەی مانگەکانی دواییدا. ئەگەر کەسێك لە دوو کاری جیاوازدا بە کات و ماوەی یەکسان کار بکات، ئەو کارەی کە لەپێشترە و یەکەمجار دەستی پێکردووە بە کاری سەرەکی دادەنرێت.

***پیشە***: جۆری ئەو کارەیە کە کەسێك ئەنجامی دەدات ئەگەر ئێستا کارکەر بێت، یاخود پێشتر ئەنجامی دابێت ئەگەر ئێستا بێکار بێت. لەمەدا سرووشتی دامەزراوەی کارەکە یان بواری خوێندنی کەسەکە یان ئەو ڕاهێنانەی کە بینیویەتی گرنگ نین.

***چالاکیی سەرەکیی ئابووری***: بریتییە لە سرووشتی ئەو کارەی کە لە دامەزراوەیەکدا ئەنجام دەدرێت و دامەزراوەکە بۆ ئەو مەبەستە ئاوا کراوە بە پێی هەمواری چوارەمی پۆلێنی نێودەوڵەتیی چالاکییە ئابوورییەکان. ئەگەر دامەزراوەیەك زیاتر لە یەك چالاکیی ئابووری هەبێت، ئەو چالاکییەی کە زۆرترین پشکی سەرمایە و وەبەرهێنانی لە خۆ گرتووە بە چالاکیی سەرەکی ئەژمار دەکرێت.

***ئامادە نەبوون لە کار:*** ئەو کەسانەن کە کارکەرن بەڵام لە ماوەی پشت بەستنی رووپێوەکەدا لە کارەکەیان نائامادەبوونە بە هۆی نەخۆشی، مۆڵەت، مانگرتن، قەدەغەی هاتووچۆ، داخستن، دوورخستنەوە لەکار بۆ ماوەیەکی کاتی یان هەر هۆکارێکی تر.

***ئەو کەسەی بەدوای کار دا دەگەڕێت:*** ئەو کەسەیە کە ئارەزووی دەست کەوتنی هەلێکی کار دەکات. ئەم کەسانە بەسەر دوو جۆر دا دابەش دەکرێن:

1- **ئامادەیە بۆ کارکردن**: ئەو کەسەی کە ئارەزوو یان ئامادەبوونی خۆی بۆ کارکردن نیشان داوە ئەگەر کارێك بۆی پێشنیار بکرێت و هیچ بیانویەك بۆ وەرنەگرتنی کارەکە نادۆزێتەوە، بەڵام بۆ گەیشتن بە کارەکە و دەست کەوتنی کارەکە هیچ هەنگاوێك ناهاوێژێت.

2- **چالاکانە بەدوای کاردا دەگەڕێت**: ئەو کەسەیە کە ئامادەی کارکردنە و چەند هەنگاوێکی دیاریکراوی ناوە بۆ ئەوەی دەرفەتی کارکردنی دەست بکەوێت. ئەم هەنگاوانە ئەکرێت بریتی بن لە خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارەکان، پرسیار کردن لە خزم و دۆستەکان، ناو نووسین لە نووسینگەکانی دۆزینەوەی کار یان بەکار خستن، سەردانی خاوەن کارەکان، یان هەر هەنگاوێکی تر بۆ دۆزینەوەی کار.

***کەرتی کار:*** مەبەست خاوەندارێتیی ئەو دامەزراوە یان ئەو شوێنەیە کە کەسەکە کاری تێدا دەکات و دابەش دەکرێت بەسەر چەند جۆر کە بریتین لە:

1- **حکومی**: ئەو دامەزراوە یان ئەو شوێنەی کە حکومەت خاوەنیەتی و ئەگەر یەك کەسیش هەر جۆرە کارێکی تێدا بکات (کارگێری، رێکخستن، خزمەتگوزاری، هتد) حکومەت پارەکەی بدات.

2- **گشتی**: ئەو دامەزراوە یان ئەو شوێنەیە کە حکومەت خاوەندارێتی دەکات و چالاکییەکی بەرهەمداری هەیە (وەك بەرهەمهێنانی شمەك، یان خزمەتگوزای) و خۆی پارە و خەرجییەکانی خۆی دابین دەکات.

3- **تێکەڵاو**: ئەو دامەزراوە یان شوێنەی کە سەرمایەکەی لە نێوان حکومەت و کەسانی تایبەت (کەرتی تایبەت) هاوبەشە، بەبێ ڕەچاو کردنی رێژەی بەشداربوونی هەر لایەکیان.

4- **هەرەوەزی**: دامەزراوە یان شوێنێکە کە خاوەندارێتیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و سەرمایەکەشی لە چەند پشکێك پێك دێت.

5- **تایبەت**: دامەزراوە یان شوێنێکە کە خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەسێك یان کەسانێك کە خەڵکی وولاتەکەن و نەبەڕێوەبردن و نە سەرمایەکەشی هیچ پەیوەندییەکی بە حکومەتەوە نییە.

6- **بیانی**: دامەزراوەیەکە کە تەواوی خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەسێك یان کۆمەڵە کەسێکی بیانی.

***ساڵانی خوێندن (ئەو ساڵانەی کە خوێندن بە سەرکەوتوویی تێیدا تەواو کراوە):*** ساڵانی خوێندن ئەو ساڵانەن کە خوێندنی کەسەکە بەردەوام و رێك و پێك بووە تیایاندا و سەرکەوتوو بووە لە خوێندنی خۆی. واتە، ئەو ساڵانەی کە کەسەکە دەرنەچووە یان خوێندنی پچڕپچڕی هەبووە یان خولی کورت ماوەی بینیوە (کەمتر لە 9 مانگی بەردەوام) بە ساڵانی خوێندن ئەژمار ناکرێن.

***کاتژمێرەکانی کارکردن:*** کۆی ئەو کاتژمێرانەن کە کەسێکی کارکەر لە پیشەکەی خۆی دا کار دەکات. کاتژمێرەکانی کارکردن دوو جۆرن:

1- **کاتژمێرەکانی ئاسایی کارکردن**: ئەو کاتژمێرانەن کە کەسێك بە شێوەی نەریت لە کارەکەیدا (کاری جوزئی بێت یان تەواو) بەسەر دەبات.
2- **کاتژمێرەکانی فیعلیی کارکردن**: ئەو کاتژمێرانەن کە کەسێك بە فیعلی کار دەکات و بۆ هەر یەك لە کاری سەرەکی و کاری لاوەکی بە جیا ئەژمار دەکرێن. ئەم پێناسەیە کاتژمێرەکانی کاری زێدەکی، کاتەکانی خواردن و پشوودان ناگرێتەوە.

***ڕۆژانی کارکردنی مانگانە***: ژمارەی ئەو ڕۆژانەن کە کەسێك لە ماوەی یەك مانگدا کاردەکات، جگە لە ڕۆژانی پشوو، کۆتایی هەفتە، مۆڵەتی نەخۆشی یان هەر مۆڵەتێکی تر چ بە مووچە بێت یان بێ مووچە. ئەگەر کەسێك لە یەك ڕۆژدا تەنها یەك کاتژمێر کار بکات ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی کارکردن ئەژمار دەکرێت.

***پێدان (کرێ)ی نەختینەیی***: ئەو بڕە پارەیە یە کە لە لایەن خاوەن کارەکانەوە دەدرێت بەو کەسانەی بەکرێ کار دەکەن. ئەو کرێیانەی لەم ڕووپێوەدا ئاماژەیان پێکراوە تەنها ئەوانەن کە بڕەکەیان دیارە. ئەگەر پێدانەکە بە پارەیەکی بیانی بووبێت (واتە دینار نەبووبێت) ئەوا بڕی پارەکە بە پێی نرخی دراو لەو ڕۆژەدا وەرگێڕاوەتە سەر دیناری عێراقی.

# هاوپێچی یەکەم

# خشتەکان

خشتەی 1- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی رەگەز، گرووپی تەمەن، دۆخی چالاکبوون لە رووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی - نیوەی دووەم 2015

Table 1- Distribution of Population Aged 15 Years and Above by Sex, Age Group and Relation to Labour Force; Number and Percentage - Second Half 2015

| Sex and Age Group (Year) | کۆ<br>Total | چالاك<br>Active | ناچالاك<br>Inactive | کۆ<br>Total | کارکەری تەواو<br>Full Employment | کارکەری نیوەچڵ<br>Under Employment | بێکار<br>Unemployed | رەگەز و گرووپی تەمەن (ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Both Sex | | | | | | | | هەردوو رەگەز |
| 15-24 | 1,124,793 | 228,345 | 896,449 | 228,345 | 143,089 | 11,581 | 73,675 | 15-24 |
| | **100** | **20.30** | **79.70** | **100** | **62.66** | **5.07** | **32.26** | |
| 25-34 | 832,056 | 471,167 | 360,889 | 471,167 | 359,897 | 31,078 | 80,192 | 25-34 |
| | **100** | **56.63** | **43.37** | **100** | **76.38** | **6.6** | **17.02** | |
| 35-44 | 646,293 | 352,242 | 294,052 | 352,242 | 310,676 | 22,012 | 19,554 | 35-44 |
| | **100** | **54.50** | **45.50** | **100** | **88.2** | **6.25** | **5.55** | |
| 45-54 | 429,410 | 211,282 | 218,128 | 211,282 | 191,738 | 10,672 | 8,872 | 45-54 |
| | **100** | **49.20** | **50.80** | **100** | **90.75** | **5.05** | **4.20** | |
| 55-64 | 290,444 | 100,351 | 190,093 | 100,351 | 92,268 | 4,145 | 3,938 | 55-64 |
| | **100** | **34.55** | **65.45** | **100** | **91.95** | **4.13** | **3.92** | |
| 65+ | 222,711 | 18,899 | 203,812 | 18,899 | 17,089 | 1,018 | 792 | 65+ |
| | **100** | **8.49** | **91.51** | **100** | **90.43** | **5.39** | **4.19** | |
| Total | 3,545,707 | 1,382,285 | 2,163,422 | 1,382,285 | 1,114,758 | 80,505 | 187,022 | کۆ |
| | **100** | **38.98** | **61.02** | **100** | **80.65** | **5.82** | **13.53** | |
| Male | | | | | | | | نێر |
| 15-24 | 577,133 | 186,752 | 390,381 | 186,752 | 130,496 | 11,315 | 44,941 | 15-24 |
| | **100** | **32.36** | **67.64** | **100** | **69.88** | **6.06** | **24.06** | |
| 25-34 | 407,279 | 357,643 | 49,636 | 357,643 | 291,553 | 26,882 | 39,208 | 25-34 |
| | **100** | **87.81** | **12.19** | **100** | **81.52** | **7.52** | **10.96** | |
| 35-44 | 310,222 | 293,824 | 16,398 | 293,824 | 262,236 | 19,271 | 12,318 | 35-44 |
| | **100** | **94.71** | **5.29** | **100** | **89.25** | **6.56** | **4.19** | |
| 45-54 | 204,282 | 174,923 | 29,359 | 174,923 | 157,834 | 10,001 | 7,088 | 45-54 |
| | **100** | **85.63** | **14.37** | **100** | **90.23** | **5.72** | **4.05** | |
| 55-64 | 134,151 | 83,946 | 50,205 | 83,946 | 75,863 | 4,145 | 3,938 | 55-64 |
| | **100** | **62.58** | **37.42** | **100** | **90.37** | **4.94** | **4.69** | |
| 65+ | 103,185 | 17,767 | 85,419 | 17,767 | 15,957 | 1,018 | 792 | 65+ |
| | **100** | **17.22** | **82.78** | **100** | **89.82** | **5.73** | **4.46** | |
| Total | 1,736,251 | 1,114,854 | 621,397 | 1,114,854 | 933,939 | 72,631 | 108,284 | کۆ |
| | **100** | **64.21** | **35.79** | **100** | **83.77** | **6.51** | **9.71** | |
| Female | | | | | | | | مێ |
| 15-24 | 547,661 | 41,593 | 506,068 | 41,593 | 12,593 | 266 | 28,734 | 15-24 |
| | **100** | **7.59** | **92.41** | **100** | **30.28** | **0.64** | **69.08** | |
| 25-34 | 424,777 | 113,524 | 311,252 | 113,524 | 68,344 | 4,196 | 40,984 | 25-34 |
| | **100** | **26.73** | **73.27** | **100** | **60.20** | **3.70** | **36.10** | |
| 35-44 | 336,071 | 58,417 | 277,654 | 58,417 | 48,441 | 2,741 | 7,236 | 35-44 |
| | **100** | **17.38** | **82.62** | **100** | **82.92** | **4.69** | **12.39** | |
| 45-54 | 225,129 | 36,359 | 188,770 | 36,359 | 33,904 | 671 | 1,784 | 45-54 |
| | **100** | **16.15** | **83.85** | **100** | **93.25** | **1.85** | **4.91** | |
| 55-64 | 156,293 | 16,406 | 139,888 | 16,406 | 16,406 | 0 | 0 | 55-64 |
| | **100** | **10.50** | **89.50** | **100** | **100** | **0** | **0** | |
| 65+ | 119,526 | 1,132 | 118,394 | 1,132 | 1,132 | 0 | 0 | 65+ |
| | **100** | **0.95** | **99.05** | **100** | **100** | **0** | **0** | |
| Total | 1,809,456 | 267,431 | 1,542,025 | 267,431 | 180,819 | 7,875 | 78,738 | کۆ |
| | **100** | **14.78** | **85.22** | **100** | **67.61** | **2.94** | **29.44** | |

خشتەی 2- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن، دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی - نیوەی دووەم 2015

Table 2- Distribution of Population Aged 15 Years and Above of Erbil Governorate by Sex, Age Group and Relation to Labour Force; Number and Percentage - Second Half 2015

| Sex and Age Group (Year) | کۆ<br>Total | چالاك<br>Active | ناچالاك<br>Inactive | کۆ<br>Total | کارکەری تەواو<br>Full Employment | کارکەری نیوەچڵ<br>Under Employment | بێکار<br>Unemployed | ڕەگەز و گرووپی تەمەن (ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Both Sex | | | | | | | | هەردوو ڕەگەز |
| 15-24 | 399,020 | 86,775 | 312,245 | 86,775 | 51,382 | 6,938 | 28,455 | 15-24 |
| | **100** | **21.75** | **78.25** | **100** | **59.21** | **8.00** | **32.79** | |
| 25-34 | 327,365 | 181,141 | 146,224 | 181,141 | 132,401 | 19,923 | 28,818 | 25-34 |
| | **100** | **55.33** | **44.67** | **100** | **73.09** | **11.00** | **15.91** | |
| 35-44 | 232,260 | 130,864 | 101,396 | 130,864 | 109,730 | 13,211 | 7,923 | 35-44 |
| | **100** | **56.34** | **43.66** | **100** | **83.85** | **10.09** | **6.05** | |
| 45-54 | 156,919 | 76,353 | 80,566 | 76,353 | 68,292 | 5,558 | 2,503 | 45-54 |
| | **100** | **48.66** | **51.34** | **100** | **89.44** | **7.28** | **3.28** | |
| 55-64 | 101,648 | 36,012 | 65,636 | 36,012 | 31,533 | 3,086 | 1,393 | 55-64 |
| | **100** | **35.43** | **64.57** | **100** | **87.56** | **8.57** | **3.87** | |
| 65+ | 79,930 | 7,664 | 72,266 | 7,664 | 6,776 | 201 | 687 | 65+ |
| | **100** | **9.59** | **90.41** | **100** | **88.41** | **2.62** | **8.97** | |
| Total | 1,297,142 | 518,810 | 778,331 | 518,810 | 400,115 | 48,916 | 69,780 | کۆ |
| | **100** | **40** | **60** | **100** | **77.12** | **9.43** | **13.45** | |
| Male | | | | | | | | نێر |
| 15-24 | 201,554 | 73,457 | 128,097 | 73,457 | 47,851 | 6,938 | 18,667 | 15-24 |
| | **100** | **36.45** | **63.55** | **100** | **65.14** | **9.44** | **25.41** | |
| 25-34 | 153,645 | 138,117 | 15,528 | 138,117 | 105,946 | 16,497 | 15,674 | 25-34 |
| | **100** | **89.89** | **10.11** | **100** | **76.71** | **11.94** | **11.35** | |
| 35-44 | 116,984 | 111,406 | 5,578 | 111,406 | 96,563 | 11,357 | 3,486 | 35-44 |
| | **100** | **95.23** | **4.77** | **100** | **86.68** | **10.19** | **3.13** | |
| 45-54 | 71,955 | 61,456 | 10,499 | 61,456 | 54,434 | 5,258 | 1,764 | 45-54 |
| | **100** | **85.41** | **14.59** | **100** | **88.57** | **8.56** | **2.87** | |
| 55-64 | 45,205 | 28,847 | 16,358 | 28,847 | 24,368 | 3,086 | 1,393 | 55-64 |
| | **100** | **63.81** | **36.19** | **100** | **84.47** | **10.70** | **4.83** | |
| 65+ | 33,872 | 7,387 | 26,486 | 7,387 | 6,498 | 201 | 687 | 65+ |
| | **100** | **21.81** | **78.19** | **100** | **87.97** | **2.72** | **9.31** | |
| Total | 623,215 | 420,669 | 202,545 | 420,669 | 335,660 | 43,338 | 41,672 | کۆ |
| | **100** | **67.50** | **32.50** | **100** | **79.79** | **10.30** | **9.91** | |
| Female | | | | | | | | مێ |
| 15-24 | 197,466 | 13,319 | 184,148 | 13,319 | 3,531 | 0 | 9,788 | 15-24 |
| | **100** | **6.74** | **93.26** | **100** | **26.51** | **0** | **73.49** | |
| 25-34 | 173,720 | 43,024 | 130,696 | 43,024 | 26,455 | 3,425 | 13,144 | 25-34 |
| | **100** | **24.77** | **75.23** | **100** | **61.49** | **7.96** | **30.55** | |
| 35-44 | 115,276 | 19,458 | 95,818 | 19,458 | 13,167 | 1,853 | 4,438 | 35-44 |
| | **100** | **16.88** | **83.12** | **100** | **67.67** | **9.52** | **22.81** | |
| 45-54 | 84,964 | 14,897 | 70,067 | 14,897 | 13,859 | 300 | 738 | 45-54 |
| | **100** | **17.53** | **82.47** | **100** | **93.03** | **2.01** | **4.96** | |
| 55-64 | 56,443 | 7,165 | 49,277 | 7,165 | 7,165 | 0 | 0 | 55-64 |
| | **100** | **12.69** | **87.31** | **100** | **100** | **0** | **0** | |
| 65+ | 46,058 | 278 | 45,780 | 278 | 278 | 0 | 0 | 65+ |
| | **100** | **0.60** | **99.40** | **100** | **100** | **0** | **0** | |
| Total | 673,927 | 98,141 | 575,786 | 98,141 | 64,455 | 5,579 | 28,107 | کۆ |
| | **100** | **14.56** | **85.44** | **100** | **65.68** | **5.68** | **28.64** | |

خشتەی 3- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی رەگەز، گرووپی تەمەن، دۆخی چالاکبوون لە رووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی - نیوەی دووەم 2015

Table 3- Distribution of Population Aged 15 Years and Above of Silemani Governorate by Sex, Age Group and Relation to Labour Force; Number and Percentage - Second Half 2015

| Sex and Age Group (Year) | کۆ Total | چالاك Active | ناچالاك Inactive | کۆ Total | کارکەری تەواو Full Employment | کارکەری نیوەچڵ Under Employment | بێکار Unemployed | رەگەز و گرووپی تەمەن (ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Both Sex | | | | | | | | هەردوو رەگەز |
| 15-24 | 402,493 | 80,284 | 322,209 | 80,284 | 50,685 | 3,760 | 25,839 | 15-24 |
| | **100** | **19.95** | **80.05** | **100** | **63.13** | **4.68** | **32.18** | |
| 25-34 | 297,477 | 181,600 | 115,877 | 181,600 | 140,055 | 6,523 | 35,022 | 25-34 |
| | **100** | **61.05** | **38.95** | **100** | **77.12** | **3.59** | **19.29** | |
| 35-44 | 263,338 | 148,383 | 114,954 | 148,383 | 135,283 | 5,359 | 7,742 | 35-44 |
| | **100** | **56.35** | **43.65** | **100** | **91.17** | **3.61** | **5.22** | |
| 45-54 | 177,253 | 92,415 | 84,838 | 92,415 | 85,305 | 3,950 | 3,160 | 45-54 |
| | **100** | **52.14** | **47.86** | **100** | **92.31** | **4.27** | **3.42** | |
| 55-64 | 124,179 | 49,707 | 74,471 | 49,707 | 47,179 | 469 | 2,059 | 55-64 |
| | **100** | **40.03** | **59.97** | **100** | **94.91** | **0.94** | **4.14** | |
| 65+ | 97,970 | 9,555 | 88,415 | 9,555 | 8,738 | 817 | 0 | 65+ |
| | **100** | **9.75** | **90.25** | **100** | **91.45** | **8.55** | **0** | |
| Total | 1,362,710 | 561,945 | 800,765 | 561,945 | 467,245 | 20,878 | 73,822 | کۆ |
| | **100** | **41.24** | **58.76** | **100** | **83.15** | **3.72** | **13.14** | |
| Male | | | | | | | | نێر |
| 15-24 | 214,323 | 61,833 | 152,490 | 61,833 | 44,018 | 3,760 | 14,055 | 15-24 |
| | **100** | **28.85** | **71.15** | **100** | **71.19** | **6.08** | **22.73** | |
| 25-34 | 149,153 | 129,842 | 19,311 | 129,842 | 110,328 | 6,089 | 13,426 | 25-34 |
| | **100** | **87.05** | **12.95** | **100** | **84.97** | **4.69** | **10.34** | |
| 35-44 | 123,807 | 119,033 | 4,773 | 119,033 | 107,937 | 4,808 | 6,288 | 35-44 |
| | **100** | **96.14** | **3.86** | **100** | **90.68** | **4.04** | **5.28** | |
| 45-54 | 83,966 | 74,040 | 9,926 | 74,040 | 67,932 | 3,803 | 2,305 | 45-54 |
| | **100** | **88.18** | **11.82** | **100** | **91.75** | **5.14** | **3.11** | |
| 55-64 | 59,524 | 41,432 | 18,092 | 41,432 | 38,904 | 469 | 2,059 | 55-64 |
| | **100** | **69.61** | **30.39** | **100** | **93.9** | **1.13** | **4.97** | |
| 65+ | 49,166 | 8,701 | 40,465 | 8,701 | 7,884 | 817 | 0 | 65+ |
| | **100** | **17.70** | **82.30** | **100** | **90.61** | **9.39** | **0** | |
| Total | 679,938 | 434,882 | 245,057 | 434,882 | 377,002 | 19,746 | 38,133 | کۆ |
| | **100** | **63.96** | **36.04** | **100** | **86.69** | **4.54** | **8.77** | |
| Female | | | | | | | | مێ |
| 15-24 | 188,171 | 18,451 | 169,720 | 18,451 | 6,667 | 0 | 11,784 | 15-24 |
| | **100** | **9.81** | **90.19** | **100** | **36.13** | **0** | **63.87** | |
| 25-34 | 148,324 | 51,758 | 96,566 | 51,758 | 29,728 | 434 | 21,596 | 25-34 |
| | **100** | **34.89** | **65.11** | **100** | **57.44** | **0.84** | **41.73** | |
| 35-44 | 139,531 | 29,350 | 110,181 | 29,350 | 27,346 | 550 | 1,454 | 35-44 |
| | **100** | **21.03** | **78.97** | **100** | **93.17** | **1.88** | **4.95** | |
| 45-54 | 93,287 | 18,375 | 74,912 | 18,375 | 17,373 | 147 | 855 | 45-54 |
| | **100** | **19.70** | **80.30** | **100** | **94.55** | **0.80** | **4.65** | |
| 55-64 | 64,655 | 8,275 | 56,380 | 8,275 | 8,275 | 0 | 0 | 55-64 |
| | **100** | **12.80** | **87.20** | **100** | **100** | **0** | **0** | |
| 65+ | 48,805 | 854 | 47,950 | 854 | 854 | 0 | 0 | 65+ |
| | **100** | **1.75** | **98.25** | **100** | **100** | **0** | **0** | |
| Total | 682,772 | 127,063 | 555,709 | 127,063 | 90,243 | 1,131 | 35,689 | کۆ |
| | **100** | **18.61** | **81.39** | **100** | **71.02** | **0.89** | **28.09** | |

خشتەی 4- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی رەگەز، گرووپی تەمەن، دۆخی چالاکبوون لە رووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی - نیوەی دووەم 2015

Table 4- Distribution of Population Aged 15 Years and Above of Duhok Governorate by Sex, Age Group and Relation to Labour Force; Number and Percentage - Second Half 2015

| Sex and Age Group (Year) | کۆ<br>Total | چالاک<br>Active | ناچالاک<br>Inactive | کۆ<br>Total | کارکەری تەواو<br>Full Employment | کارکەری نیوەچڵ<br>Under Employment | بێکار<br>Unemployed | رەگەز و گرووپی تەمەن (ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Both Sex | | | | | | | | هەردوو رەگەز |
| 15-24 | 323,280 | 61,285 | 261,995 | 61,285 | 41,022 | 883 | 19,380 | 15-24 |
| | 100 | 18.96 | 81.04 | 100 | 66.94 | 1.44 | 31.62 | |
| 25-34 | 207,214 | 108,426 | 98,788 | 108,426 | 87,441 | 4,632 | 16,353 | 25-34 |
| | 100 | 52.33 | 47.67 | 100 | 80.65 | 4.27 | 15.08 | |
| 35-44 | 150,696 | 72,994 | 77,702 | 72,994 | 65,663 | 3,442 | 3,889 | 35-44 |
| | 100 | 48.44 | 51.56 | 100 | 89.96 | 4.72 | 5.33 | |
| 45-54 | 95,238 | 42,514 | 52,725 | 42,514 | 38,140 | 1,164 | 3,209 | 45-54 |
| | 100 | 44.64 | 55.36 | 100 | 89.71 | 2.74 | 7.55 | |
| 55-64 | 64,617 | 14,632 | 49,986 | 14,632 | 13,556 | 590 | 486 | 55-64 |
| | 100 | 22.64 | 77.36 | 100 | 92.65 | 4.03 | 3.32 | |
| 65+ | 44,811 | 1,679 | 43,131 | 1,679 | 1,575 | 0 | 104 | 65+ |
| | 100 | 3.75 | 96.25 | 100 | 93.80 | 0 | 6.20 | |
| Total | 885,856 | 301,530 | 584,326 | 301,530 | 247,398 | 10,711 | 43,420 | کۆ |
| | 100 | 34.04 | 65.96 | 100 | 82.05 | 3.55 | 14.40 | |
| Male | | | | | | | | نێر |
| 15-24 | 161,257 | 51,462 | 109,794 | 51,462 | 38,627 | 617 | 12,218 | 15-24 |
| | 100 | 31.91 | 68.09 | 100 | 75.06 | 1.20 | 23.74 | |
| 25-34 | 104,481 | 89,683 | 14,798 | 89,683 | 75,279 | 4,295 | 10,108 | 25-34 |
| | 100 | 85.84 | 14.16 | 100 | 83.94 | 4.79 | 11.27 | |
| 35-44 | 69,432 | 63,385 | 6,047 | 63,385 | 57,736 | 3,105 | 2,544 | 35-44 |
| | 100 | 91.29 | 8.71 | 100 | 91.09 | 4.9 | 4.01 | |
| 45-54 | 48,360 | 39,427 | 8,934 | 39,427 | 35,469 | 940 | 3,019 | 45-54 |
| | 100 | 81.53 | 18.47 | 100 | 89.96 | 2.38 | 7.66 | |
| 55-64 | 29,421 | 13,667 | 15,755 | 13,667 | 12,591 | 590 | 486 | 55-64 |
| | 100 | 46.45 | 53.55 | 100 | 92.13 | 4.31 | 3.55 | |
| 65+ | 20,148 | 1,679 | 18,468 | 1,679 | 1,575 | 0 | 104 | 65+ |
| | 100 | 8.34 | 91.66 | 100 | 93.80 | 0 | 6.20 | |
| Total | 433,099 | 259,303 | 173,796 | 259,303 | 221,277 | 9,547 | 28,479 | کۆ |
| | 100 | 59.87 | 40.13 | 100 | 85.34 | 3.68 | 10.98 | |
| Female | | | | | | | | مێ |
| 15-24 | 162,024 | 9,823 | 152,200 | 9,823 | 2,395 | 266 | 7,162 | 15-24 |
| | 100 | 6.06 | 93.94 | 100 | 24.39 | 2.71 | 72.91 | |
| 25-34 | 102,733 | 18,743 | 83,990 | 18,743 | 12,162 | 337 | 6,244 | 25-34 |
| | 100 | 18.24 | 81.76 | 100 | 64.89 | 1.80 | 33.31 | |
| 35-44 | 81,264 | 9,609 | 71,655 | 9,609 | 7,927 | 337 | 1,345 | 35-44 |
| | 100 | 11.82 | 88.18 | 100 | 82.5 | 3.51 | 13.99 | |
| 45-54 | 46,878 | 3,087 | 43,791 | 3,087 | 2,672 | 224 | 191 | 45-54 |
| | 100 | 6.58 | 93.42 | 100 | 86.55 | 7.26 | 6.18 | |
| 55-64 | 35,196 | 965 | 34,231 | 965 | 965 | 0 | 0 | 55-64 |
| | 100 | 2.74 | 97.26 | 100 | 100 | 0 | 0 | |
| 65+ | 24,663 | 0 | 24,663 | 0 | 0 | 0 | 0 | 65+ |
| | 100 | 0 | 100 | 0 | 0 | 0 | 0 | |
| Total | 452,757 | 42,227 | 410,530 | 42,227 | 26,121 | 1,165 | 14,941 | کۆ |
| | 100 | 9.33 | 90.67 | 100 | 61.86 | 2.76 | 35.38 | |

خشتەی 5- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی كوردستان بە پێی رەگەز، ئاستی خوێندن، دۆخی چالاكبوون لە رووی ئابوری و دۆخی هێزی كار؛ ژمارە و رێژەی سەدی - نیوەی دووەم 2015

Table 5- Distribution of Population Aged 15 Years and Above of Kurdistan Region by Sex, Education Level and Relation to Labour Force; Number and Percentage - Second Half 2015

| Sex and Education Level | كۆ | چالاك | ناچالاك | كۆ | كاركەری تەواو | كاركەری نیوەچڵ | بێكار | رەگەز و ئاستی خوێندن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Total | Active | Inactive | Total | Full Employment | Under Employment | Unemployed | |
| Both Sex | | | | | | | | هەردوو رەگەز |
| Non/Less than Primary | 1,498,101 | 456,319 | 1,041,782 | 456,319 | 398,889 | 26,028 | 31,401 | نەخوێندەوار/ كەمتر لە سەرەتایی |
| | 100 | 30.46 | 69.54 | 100 | 87.41 | 5.70 | 6.88 | |
| Primary Completed | 522,356 | 286,961 | 235,395 | 286,961 | 232,449 | 19,993 | 34,520 | سەرەتایی |
| | 100 | 54.94 | 45.06 | 100 | 81.00 | 6.97 | 12.03 | |
| Intermediate or Basic | 255,935 | 149,498 | 106,436 | 149,498 | 117,786 | 6,302 | 25,411 | ناوەندی یان بنەڕەتی |
| | 100 | 58.41 | 41.59 | 100 | 78.79 | 4.22 | 17.00 | |
| Secondary | 163,772 | 112,509 | 51,264 | 112,509 | 78,931 | 6,355 | 27,223 | ئامادەیی |
| | 100 | 68.70 | 31.30 | 100 | 70.16 | 5.65 | 24.20 | |
| Institue and above | 381,318 | 331,469 | 49,849 | 331,469 | 244,727 | 18,615 | 68,127 | پەیمانگە و سەرووتر |
| | 100 | 86.93 | 13.07 | 100 | 73.83 | 5.62 | 20.55 | |
| Total | 2,821,482 | 1,336,756 | 1,484,726 | 1,336,756 | 1,072,782 | 77,292 | 186,682 | كۆ |
| | 100 | 47.38 | 52.62 | 100 | 80.25 | 5.78 | 13.97 | |
| Male | | | | | | | | نێر |
| Non/Less than Primary | 567,129 | 409,828 | 157,301 | 409,828 | 359,526 | 24,415 | 25,887 | نەخوێندەوار/ كەمتر لە سەرەتایی |
| | 100 | 72.26 | 27.74 | 100 | 87.73 | 5.96 | 6.32 | |
| Primary Completed | 318,635 | 267,684 | 50,950 | 267,684 | 220,217 | 19,506 | 27,962 | سەرەتایی |
| | 100 | 84.01 | 15.99 | 100 | 82.27 | 7.29 | 10.45 | |
| Intermediate or Basic | 147,133 | 124,318 | 22,815 | 124,318 | 104,172 | 5,275 | 14,871 | ناوەندی یان بنەڕەتی |
| | 100 | 84.49 | 15.51 | 100 | 83.79 | 4.24 | 11.96 | |
| Secondary | 99,893 | 82,871 | 17,022 | 82,871 | 65,553 | 4,742 | 12,575 | ئامادەیی |
| | 100 | 82.96 | 17.04 | 100 | 79.10 | 5.72 | 15.17 | |
| Institue and above | 210,204 | 188,820 | 21,384 | 188,820 | 146,580 | 15,591 | 26,649 | پەیمانگە و سەرووتر |
| | 100 | 89.83 | 10.17 | 100 | 77.63 | 8.26 | 14.11 | |
| Total | 1,342,994 | 1,073,521 | 269,472 | 1,073,521 | 896,048 | 69,529 | 107,944 | كۆ |
| | 100 | 79.93 | 20.07 | 100 | 83.47 | 6.48 | 10.06 | |
| Female | | | | | | | | مێ |
| Non/Less than Primary | 930,972 | 46,491 | 884,481 | 46,491 | 39,364 | 1,613 | 5,515 | نەخوێندەوار/ كەمتر لە سەرەتایی |
| | 100 | 4.99 | 95.01 | 100 | 84.67 | 3.47 | 11.86 | |
| Primary Completed | 203,721 | 19,277 | 184,445 | 19,277 | 12,232 | 487 | 6,558 | سەرەتایی |
| | 100 | 9.46 | 90.54 | 100 | 63.46 | 2.53 | 34.02 | |
| Intermediate or Basic | 108,802 | 25,180 | 83,622 | 25,180 | 13,614 | 1,027 | 10,540 | ناوەندی یان بنەڕەتی |
| | 100 | 23.14 | 76.86 | 100 | 54.07 | 4.08 | 41.86 | |
| Secondary | 63,879 | 29,638 | 34,242 | 29,638 | 13,378 | 1,612 | 14,648 | ئامادەیی |
| | 100 | 46.40 | 53.60 | 100 | 45.14 | 5.44 | 49.42 | |
| Institue and above | 171,113 | 142,649 | 28,465 | 142,649 | 98,147 | 3,024 | 41,478 | پەیمانگە و سەرووتر |
| | 100 | 83.36 | 16.64 | 100 | 68.80 | 2.12 | 29.08 | |
| Total | 1,478,489 | 263,235 | 1,215,254 | 263,235 | 176,734 | 7,763 | 78,738 | كۆ |
| | 100 | 17.80 | 82.20 | 100 | 67.14 | 2.95 | 29.91 | |

خشتەی 6- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی رەگەز، ئاستی خوێندن، دۆخی چالاکبوون لە رووی ئابوری و دۆخی هێزی کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی - نیوەی دووەم 2015

Table 6- Distribution of Population Aged 15 Years and Above of Erbil Governorate by Sex, Education Level and Relation to Labour Force; Number and Percentage - Second Half 2015

| Sex and Education Level | کۆ<br>Total | چالاک<br>Active | ناچالاک<br>Inactive | کۆ<br>Total | کارکەری تەواو<br>Full Employment | کارکەری نیوەچڵ<br>Under Employment | بێکار<br>Unemployed | رەگەز و ئاستی خوێندن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **Both Sex** | | | | | | | | **هەردوو رەگەز** |
| Non/Less than Primary | 541,855 | 154,720 | 387,135 | 154,720 | 131,134 | 13,692 | 9,894 | نەخوێندەوار/ کەمتر لە سەرەتایی |
| | 100 | 28.55 | 71.45 | 100 | 84.76 | 8.85 | 6.39 | |
| Primary Completed | 208,062 | 115,672 | 92,390 | 115,672 | 86,058 | 13,239 | 16,375 | سەرەتایی |
| | 100 | 55.59 | 44.41 | 100 | 74.40 | 11.45 | 14.16 | |
| Intermediate or Basic | 110,460 | 65,800 | 44,660 | 65,800 | 47,531 | 4,363 | 13,906 | ناوەندی یان بنەڕەتی |
| | 100 | 59.57 | 40.43 | 100 | 72.24 | 6.63 | 21.13 | |
| Secondary | 58,994 | 40,008 | 18,987 | 40,008 | 25,551 | 4,977 | 9,479 | ئامادەیی |
| | 100 | 67.82 | 32.18 | 100 | 63.87 | 12.44 | 23.69 | |
| Institue and above | 144,312 | 122,854 | 21,458 | 122,854 | 91,801 | 11,134 | 19,919 | پەیمانگە و سەرووتر |
| | 100 | 85.13 | 14.87 | 100 | 74.72 | 9.06 | 16.21 | |
| Total | 1,063,683 | 499,053 | 564,630 | 499,053 | 382,075 | 47,406 | 69,572 | کۆ |
| | 100 | 46.92 | 53.08 | 100 | 76.56 | 9.50 | 13.94 | |
| **Male** | | | | | | | | **نێر** |
| Non/Less than Primary | 189,214 | 137,087 | 52,127 | 137,087 | 117,695 | 12,402 | 6,990 | نەخوێندەوار/ کەمتر لە سەرەتایی |
| | 100 | 72.45 | 27.55 | 100 | 85.85 | 9.05 | 5.10 | |
| Primary Completed | 124,856 | 107,050 | 17,805 | 107,050 | 81,251 | 13,239 | 12,561 | سەرەتایی |
| | 100 | 85.74 | 14.26 | 100 | 75.90 | 12.37 | 11.73 | |
| Intermediate or Basic | 63,914 | 53,876 | 10,038 | 53,876 | 43,042 | 3,449 | 7,385 | ناوەندی یان بنەڕەتی |
| | 100 | 84.29 | 15.71 | 100 | 79.89 | 6.40 | 13.71 | |
| Secondary | 36,958 | 31,290 | 5,668 | 31,290 | 22,052 | 3,365 | 5,872 | ئامادەیی |
| | 100 | 84.66 | 15.34 | 100 | 70.48 | 10.76 | 18.77 | |
| Institue and above | 83,777 | 73,520 | 10,257 | 73,520 | 55,492 | 9,372 | 8,656 | پەیمانگە و سەرووتر |
| | 100 | 87.76 | 12.24 | 100 | 75.48 | 12.75 | 11.77 | |
| Total | 498,718 | 402,823 | 95,895 | 402,823 | 319,532 | 41,827 | 41,465 | کۆ |
| | 100 | 80.77 | 19.23 | 100 | 79.32 | 10.38 | 10.29 | |
| **Female** | | | | | | | | **مێ** |
| Non/Less than Primary | 352,642 | 17,633 | 335,009 | 17,633 | 13,439 | 1,290 | 2,904 | نەخوێندەوار/ کەمتر لە سەرەتایی |
